# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۴۸

گۆڤاری پێشڕەو - ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم - ژمارە ۴۴۸ - خاکە لێوە - مارس ۲۰۲۴


سەروتار

## هێرش بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکاران پێویستە تێکبشکێنین

حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بۆ جارێکی دیکە ساڵی تازەی بە دیاریکردنی حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری و بە هێرشکردنەسەر سفرەی بەتاڵی بنەماڵە کرێکارییەکان دەستپێکرد. دوای چەندین هەفتە وتوێژی نوێنەرانی دەوڵەت، نوێنەرانی سەرمایەدارانی بەشی خسووسی و نوێنەرانی ڕێکخراوە زەردە کرێکارییەکانی سەربە حکوومەتی ئیسلامی لە شۆرای باڵای کار، ئەم ناوەندە دژەکرێکارییە ئاستی زیادکردنی لانیکەمی حەقدەستی کرێکارانی بۆ ساڵی ١٤٠٣، سی و پێنج لەسەد ڕاگەیاند. بەپێی ئەم بڕیارە، لانیکەمی حەقدەست لە ساڵی ١٤٠٣ دوای زیادکردنی ٣٥ لەسەد، لە ٥ ملیۆن و ٣٠٨ هەزار تمەنەوە بۆ ٧ ملیۆن و ١٦٦ هەزار تمەن زیاد دەکرێت کە بە حیسابکردنی بۆنی خاروبار، کۆمەک هەزینەی مەسکەن و مەزایای دیکە، حەقدەستی کرێکاران دەگاتە ١١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەن. دیاریکردنی ئەم ئاستە لە لانیکەمی حەقدەست لە حاڵێکدایە کە تەنانەت بانکی مەرکەزی ڕژیم ڕێژەی تەوەرومی ٤٢ لەسەد ڕاگەیاندووە و لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی کرێکاران کە خەرجی خۆراک و پۆشاک و دەرمان تا کرێ ماڵ و خەرجی هاتوچۆ و ئاموزش و تەفریح و ... لەخۆ دەگرێت بەشێوەی بەرچاو زیادیان کردووە. لە بارودۆخی ئێستادا بەلەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و هاتنەخوار و نەوەسانی ئەرزشی ڕیاڵ بەرامبەر بە قیمەتی دۆلار، هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی خانەوادەیەکی کرێکاری لە تاران مانگانە بۆ سەرووی ٣٠ ملیۆن تمەن و لە شارەکانی دیکەی ئێران بۆ سەرووی ٢٥ ملیۆن تمەن بەرزبووەتەوە.




پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٣

ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

یادی کۆمۆنی پاریس لە ناخی چینی کرێکاردا زیندووە






بۆ یادی گیان بەختکردووانی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨





بۆ یادی گیان بەختکردووانی کۆمۆنیستی گوردانی شوان

بەوتەی وەزیری تەعاون، کار و ڕەفاهی ئیجتماعی ڕژیمی ئیسلامی ئەم زیادکردنی حەقدەستە تەنیا بۆ کرێکارانێک لەبەرچاو دەگیرێت کە یاسای کار دەیانگرێتەوە. ئەوەش بەو مانایەیە کە لەم بارودۆخە قەیراناوییەدا ئەو کرێکارانەی گرێبەستی کاتییان هەیە، یان کرێکارانی کارگە چکۆلەکان بەتایبەت ژنانێک کە دوورکارن و یان لە کارگەکانی دوورین و چنیندا کار دەکەن و یاسای کار نایانگرێتەوە، لەگەڵ بارودۆخێکی یەکجار دژوارتر بەرەوڕوو دەبنەوە.

لەکاتێکدا کە شۆرای باڵای کاری ڕژیمی ئیسلامی بە حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری ڕەسمیەتی بەخشیوە، میدیاکانی حکوومەت لە ناوەوە و تۆڕی بی بی سی فارسی لە دەرەوە، سەرەنجیان



خستووەتە سەر ئەوەیکە نوێنەرانی بەناو کرێکاری لە کاتی واژۆکردنی ئەم مسەوەبەیەدا، جەلەسەی شۆرای باڵایان جێهێشتووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هەمووان دەزانن ئەم نوێنەرە بەناو کرێکارییانە، ڕێکخراوی دژەکرێکاریی سەربە حکوومەتی ئیسلامین کە ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لەناویاندا دەستی باڵایان هەیە و بەهیچ شێوەیەک نوێنەری چینی کرێکاری ئێران نین. ناساندنی نوێنەری ئەم ڕێکخراوە حکوومەتییانە وەک نوێنەری کرێکارانی ئێران و ژێستی دژایەتیکردنی ئەوان لەگەڵ مسەوەبەی شۆرای باڵای کار، هاوشێوەی دەنگنەدانی محەممەدی خاتەمی و مووسەوییە لە شانۆکانی ئینتخاباتی ڕژیمدا. ئەمانە بێجگەلە دروستکردنی تەفرەقە لەناو ڕیزەکانی کرێکارانی ئێران لە خەباتیان بۆ زیادکردنی حەقدەست، هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە. ئەمانە دەیانهەوێ خەباتی کرێکارانی ئێران بۆ زیادکردنی حەقدەست لە چوارچێوەی یاسای کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی و ستراتێژی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتیدا بە بەند بکێشن. بەخۆشییەوە، چالاکانی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران دەمێکە دەستی ئەم ڕێکخراوە دژەکرێکارییانە و ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتییان خوێندووەتەوە و بێگومان سیاسەتی تەفرەقەنانەوەی ئەوان بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی بەرینی کرێکاری لەپێناوی زیادکردنی حەقدەست وەڵام دەدەنەوە.

دەوڵەتی ئیبراهیمی ڕەئیسی لە درێژەی سیاسەتی سەرمایەدارانە و هەرزانکردنی هێزی کاردا بە ڕاگەیاندنی ئەم بڕە دیاریکراوە بۆ لانیکەمی حەقدەست، بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە دەیهەوێ باری قورسی قەیرانی سەرمایەداریی ئێران و ئیفلاسی ئابووری ڕژیم، تێچووی یەکجار بەرینی بەرنامە ئەتۆمییەکان، ماجەراجوویی و دەستتێوەردانی نیزامی لە ناوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکە، بەسەر ژیانی ملیۆنها بنەماڵەی کرێکاریدا بسەپێنێ. دەوڵەتی ڕەئیسی لەکاتێکدا هێرش بۆسەر ژیانی کرێکاران درێژە دەدات کە بەپێی گەڵاڵەی بوودجەی ئەمساڵ ١٣٤ هەزار ملیارد تمەن بۆ "بەهێزکردنی توانای بەرگری" دەخرێتە ئیختیار ستادی گشتی هێزە چەکدارەکان و بۆ یەکەم جار بەشێوەی ڕەسمی و لە ڕووی یاساوە ڕێگە بە سپای پاسداران دراوە کە نەوت هەناردە بکات. بەڵام ئەم کارگێڕانەی سەرمایە سەرەڕای ئەو هەمووە گەندەڵی و دزییە گەورەیەی کە لە کارنامەیان دایە، کاتێک باسی بردنەسەری ئاستی حەقدەست دێتە گۆڕێ، چوونەسەری تەوەرۆم و "دەخڵ و خەرجی" دەوڵەت دەکەنە بیانوو.

لەئێستادا هێنێدک لە ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی بەرینی لانیکەمی حەقدەستی دیاریکراو لەلایەن "شۆرای باڵای کار" لەگەڵ هەزینەی دابینکردنی سەبەدی مەعیشەتی بنەماڵەیەکی کرێکاری، لەسەر لانیکەمی حەقدەستی مانگانە ٤٥ ملیۆن تمەن تەئکید دەکەن. بەڵام ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایەداران تەنانەت حازر نییە هەزینەی بەرهەمهێناوەوەی هێزی کار کە شتێک نییە بێجگەلە هەزینەی پێداویستی ڕۆژانەی کرێکار و بنەماڵەکەی، واتە هەزینەی خواردن و پۆشین و تەندرووستی بدات. بەلەبەرچاوگرتنی کینە و سەرسەختی سەرمایەداران بۆ لەخوارێ ڕاگرتنی لانیکەمی حەقدەستەکان، دیاریکرنی لانیکەمی حەقدەستی گونجاو لەگەڵ تێچووی دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی، و دیاریکردنی هێڵی سوور بۆ سەرمایەداران تا نەتوانن حەقدەستەکان لەئاستێک کەمتر بکەنەوە، بووەتە یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانی کرێکارانی ئێران. بەشی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران وەک بەشێک لە بزووتنەوەی چینی کرێکاری جیهان، بەو ئامانجەوە کە کەم داهاترین بەشی چینی کرێکاریش بتوانێت بەسەرەنجدان بە ئاستی تەوەرۆمی واقعی، لە دەیەی سێهەمی سەدەی بیست و یەکدا پێداویستییە ئەساسییەکانی ژیانی خۆی دابین بکات، لەسەر بردنەسەری ئاستی حەقدەست تەئکید دەکات.

لە بارودۆخێکدا کە سەرەڕای هەموو سەختییەکان، بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران یەکێک لە چالاکترین بزووتنەوەکانە، لە قۆناغێکدایە کە زۆرترین مانگرتن و ناڕەزایەتی بەڕێوە دەبات، خواستی بردنەسەری حەقدەست بەپێی دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی خواستی بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانە و ئەم خواستەش خاوەنی هۆگرایەتیی کۆمەڵایەتییە، لەم ڕووەوە بەستێنی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری بۆ زیادکردنی حەقدەستەکان بوونی هەیە. لەم بارودۆخەدا ڕێکخراوەکان، هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاری کە لەگەڵ ناوەندەکانی خەباتی کرێکاران لە پەیوەندی نزیک دان، پێویستە دەست بخەنە ناو دەستی یەک و بە جێخستنی پەیوەندی و هاوکارییەکانیان، بۆ ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەری کرێکاران لە دەوری بردنەسەری ئاستی حەقدەست زەمینەسازی بکەن. لەگەڵ وەحەرەکەت کەوتنی یەکگرتووانەی کرێکاران لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییە گەورەکان، کرێکارانی کارگە سەنعەتییە چکۆلەکانیش لەئاستێکی بەریندا پێیان پەیوەست دەبن. ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی بەرین و یەکپارچە لە کارخانە و ناوەندە سەنعەتییە گەورە و سەرەکییەکان تەنیا ڕێگای زەمانەتکردنی درێژە و پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و تەنیا ڕێگای تێکشکاندنی هێرشی بێسنووری حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدران بۆسەر ژیان و سفرەی بەتاڵی کرێکارانە.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

یەکی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

٢٠ی مارسی٢٠٢٤ی زایینی

❊❊❊

# ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣ لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ٥ و ٦ی مانگی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی بەرابەر لەگەڵ ٢٤ و ٢٥ی فێوریەی ٢٠٢٤ی زایینی بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەی بەرینی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، کاری خۆی دەستپێکرد. لەم پلێنۆمەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبیش وەک چاوەدێر بەشدار بوون. ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ئیجرایی بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، ڕاپۆرتی چالاکی کۆمیتەکان و ئۆرگانە جۆراوجۆرە تەشکیلاتییەکان، ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ١٤ی حیزب و ئارایش و دابەشکردنی کاری ناوخۆیی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، دەستووری جەلەساتی ئەم پلێنۆمە بوون. لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ئیجرایی و باسە پەیوەندیدارەکاندا، جەخت لەسەر ئەم سیاسەت و هەڵوێستانەی خوارەوە کرا.

پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە بارودۆخێکدا بەڕێوەدەچێت کە زیاتر لە چوار مانگ لە جینۆساید و تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە تێدەپەڕێت. لەم ماوەیەدا دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسی تیرۆریسمی ڕێکخراوی حەماس، بە مووشەکباران و بۆمباران و ڕەوانەکردنی هێزی ئەرتەش، بێپسانەوە کوشتاری خەڵکی فەلەستین و وێرانکاریی لە کەرتی غەززەی درێژە پێداوە. لە ئەنجامی ئەم کوشتن و وێرانکارییەدا زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە، دەیان هەزار کەس بریندار بوون و زیاتر لە ٦٠%ی ژێرخان و خانووی نیشتەجێبوون وێران بوون یان زیانیان پێگەیشتووە. دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی لە ناتۆ کە لە یەکەم ڕۆژی ئەم شەڕەوە بێ مەرج پشتیوانی تاوانەکانی حکوومەتی ئیسرائیلیان کردووە، لەم تاوانە دژەئینسانییەدا بەرپرسیار و هاوبەشن. خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە بە خۆڕاگری لەژێر ئاگری بۆمبارانی بەردەوام و وێرانکاری، بە قیمەتی لەدەستدانی دەیان هەزار کەس لە ئازیزانیان و بە تەحەمولی بارودۆخێکی کارەساتبار، سرووشتی ڕاستەقینەی دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل و ناوەرۆکی درۆینە و ڕیاکارانەی دیموکراسییەکانی بورژوایی لە ئەمریکا و ئورووپا لە دیفاع لە مافی مرۆڤیان زیاتر لە هەموو کاتێک ئاشکرا و ڕیسوا کردووە و شکستێکی ئەخلاقی و سیاسی گەورەیان بەسەردا سەپاندوون.

ئەمڕۆ لە حاڵێکدا کە دەوڵەتانی ئەمریکا، ئاڵمان، بریتانیا و ... بە پشتیوانی لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی نەیتانیاهۆ دەستی ئەویان بۆ جەنایەتی جەنگی دژبە خەڵکی غەززە ئاواڵە هێشتووەتەوە، لە بەرامبەردا بزووتنەوەیەکی مەزنی جەماوەری بۆ پشتیوانی و دیفاع لە ئازادیی فەلەستین و خواستی کۆتایی دەستبەجێی شەڕ، ڕاگرتنی دەستبەجێ بۆمباران و ناردنی خێرای یارمەتی مرۆیی بۆ کەرتی غەززە هاتووەتە مەیدان. جەماوەری ناڕازی بێسەبرانە خوازیاری کۆتاییهێنان بە تاوانی جەنگی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیلن. ئەم بزووتنەوە هاوپشتییە جیهانییە، گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی کرێکاران و نەتەوەی ستەمدیدەی فەلەستین و لاوازکردنی هێژمۆنی نیزامی دەوڵەتی ئیسرائیلی خستووەتە ئاسۆوە. کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەم پێوەندەدا لەسەر گرینگی سیاسی بەهێزکردنی ئەم بزووتنەوە هاوپشتییە و پەیوەستبوونی کرێکارن و خەڵکی خەباتکاری ئێران بەم بزووتنەوە جیهانی و ئازادیخوازانەیە تەئکیدی کرد. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە هەر شوێنێک بن، لە فەلەستین، ئیسرائیل و ئێران و شوێنەکانی تر، قوربانی نیزامی سەرمایەدارین. کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانن یەکێک لە گرینگترین پێگەکانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریسم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان ڕیشەکێش بکەن و زەمینە بۆ گەشە و بەهێزبوونی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و ڕزگاریبەخش لە فەلەستین و گشت ناوچەکە ئامادە بکەن. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە بێجگەلە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل و ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهان لەپێناو خەبات بەرامبەربە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان، ڕێگایەکی تریان لەپێش نییە.

شەپۆلی جینۆسایدی ئەم دواییانەی حکوومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین و ڕەهەندە کارەساتبارەکانی لە قۆناغێکی نوێدا کەوتووەتە ڕێ. لە قۆناغێکدا کە ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەمریکا لەئاستی جیهان و لە ئەنجامدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز بووە و هێشتا جیهانی فرە جەمسەری سەقامگیر نەبووە. لەڕاستیدا لە ماوەی دوو سێ دەیەی ڕابردوودا بارودۆخی جیهان و پەیوەندیی زلهێزەکانی سەرمایەداری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و داڕمانی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات کە هاوکات بوو لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی ئابووری ئەمریکا لە ڕەئسی بلۆکی سەرکەوتوو، ئەمریکا، کە چیتر نەیدەتوانی پشت بە دەسەڵاتی ئابووری باڵای خۆی ببەستێت بۆ پاراستنی هێژمۆنی خۆی بەسەر جیهاندا، هەوڵیدا پشت بە هێزی سەربازی و میلیتاریزم ببەستێت بۆ دەستەبەرکردنی سەرکردایەتی خۆی بەسەر جیهاندا. شەڕی کەنداو، لەشکرکێشی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق، دەستێوەردانی سەربازی لە لیبی و سووریە، بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم قودرەت نماییە نیزامییە بوون. ئەمریکا لە هەموو ئەم شەڕانەدا دۆڕا. لە ئەفغانستان هەرچەندە توانی حکوومەتی تاڵیبان بڕوخێنێت، بەڵام نەیتوانی ئەو ئاسایش و ئارامییە دابین بکات کە خۆی دەیەویست. دەوڵەتی ئەمریکا دوای دوو دەیە، دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ ئەرتەشێکی تەیارکراو بە چەکی ئەمریکایی ڕادەستی تاڵیبان کرد. لە عێراق ڕژیمی سەدام حسێنی ڕووخاند، بەڵام نەیتوانی ئەمنیەت و ئاو و بەرقی خەڵک دابین بکات و ئەم وڵاتەی بۆ چەندین ساڵ بەرەوڕووی شەڕی ناوخۆیی کردەوە. لەئێستادا لەگەڵ کشانەوەی زۆربەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، کاریگەریی سیاسی لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی عێراق کەم بووەتەوە و ئەو سیستمە سیاسی فیدراڵییەی کە لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە پێکیهێنابوو، داڕماوە. لە قەیرانی سووریەدا بە ڕووسیەی دۆڕاند. لە لیبی حکوومەتی قەزافی ڕووخاند و دوای ماوەیەکی زۆر شەڕی ناوخۆیی و لەناوچوونی تانوپۆی ئەم کۆمەڵگایە، هێشتا نەیتوانیوە ئەم وڵاتە بەشێوەی دڵخوازی خۆی لە بواری سیاسییەوە سەقامگیر بکات. دەوڵەتی ئەمریکا بەهۆکاری ئەم شکستە بەردەوامانەی ناچار بوو پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە کۆبکاتەوە. جگە لەم شکستانە، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ نموونە لە میسر و توونێس و وڵاتانی تر نیشانی دا کە دەوڵەتی ئەمریکا ناتوانێ بە پشت بەستن بە باڵادەست بوونی لەبواری نیزامییەوە هیچکام لە حکوومەتەکان و دیکتاتۆرییەکانی هاوپەیمانی خۆی لەم ناوچەیە لە مەترسی ڕووخان دەرباز بکات. لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتی بن عەلی لە تونس و حوسنی موبارەک لە میسر، حکوومەتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زەمانەتکردنی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان ستراتیژێکی دیکەیان گرتەبەر بەر. ئەم زنجیرە ئاڵوگۆڕانەش زیاتر لە ڕابردوو ڕۆڵی هێژمۆنیکی ئەمریکایان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بردە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ لاوازبوونی پێگەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسەڵاتەکانی ناوچەکە لەوانە تورکییە، عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی شۆرای هاوکاریی کەنداو هەوڵیان داوە

لە قۆناغی ئێستادا و لەو ڕەقابەتانەی کە لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئورووپایی لەلایەکەوە و دەسەڵاتەکانی وەک چین و ڕووسیە لە لایەکی دیکەوە لەئارادایە، زۆرترین کەڵک وەربگرن. لەگەڵ لاوازبوونی هێژمۆنی دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوپەیمانانی سوننەتی ئەمریکا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو سەربەخۆییەکی زیاتر لە خۆیان نیشان دەدەن. لەم بوارەدا پێکهاتنی پەیوەندی ستراتێژیکی ئابووریی ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ چین و تەنانەت زەمینەکانی پێکهاتنی پەیمانی نیزامی و هاوشێوەکانی دەبینرێت. لەم قۆناغە گوزارەدا، بەلەبەرچاوگرتنی لاوازبوونی پێگەی ڕێبەریی ئەمریکا لەئاستی جیهان و ناوچەکە، دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل تەنها هاوپەیمانی ستراتێژیک و متمانەپێکراوی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەپۆلێکی تازەی لە کۆمەڵکوژی لە غەززە دەسپێکردووە. ئەگەرچی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئورووپایی لە ناتۆ درێژە و پەرەسەندنی ئەم شەڕە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕاستای بەرژوەندی خۆیاندا نابینن، بەڵام بەکردەوە لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی دەستی ڕاستی نەتانیاهۆ پەیڕەوی دەکەن و لەم جینۆسایدە ئاشکرایەدا هاودەست و هاوبەشن. هەروەها بورژوازی دەسەڵاتدار لە ئاڵمان بە لایەنگری کردنی لە نەتانیاهۆ زەرفیەتە فاشیستییەکانی لە سەدەی بیست و یەکدا نیشان داوە.

لەحاڵێکدا کە جەنایەتی جەنگی دژبە خەڵکی فەلەستین و ئەو کۆمەڵکوژییەی لە غەززە کەوتووەتە ڕێ، بیروڕای گشتی مرۆڤایەتیی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی لە سەرتاسەری جیهان بەدژی دەوڵەتی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل هانداوە، حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە لەوانە ئوردۆن، میسر، عەرەبستان، قەتەر و عێراق و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دووڕوویانە باس لە دیفاع لە خەڵکی فەلەستین دەکەن. لەو نێوەدا ئەردۆغانی فاشیست و دەوڵەتی تورکییە کە لەم ماوەیەدا لە سایەی بێدەنگی میدیاکان و بە چرای سەوزی ئەمریکا چەندین جار ژێرخانە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی لە کوردستانی سووریە بۆمباران کردووە و سەدان کەس لە خەڵکی کوردستانی کوشتووە، بریندار و ئاوارەی کردوون، بۆ خەڵکی فەلەستین فرمێسکی درۆینە دەڕێژێ. دەوڵەتی ئەردۆغان لە حاڵێکدا کە هاوئاراستە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا ڕووی کردووەتە تاوانی شەڕ و هێرشی کردووەتە سەر مافی ژیان و دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستانی سووریە، دەرسی ئەخلاقی "شەڕی قانوونمەند" بۆ نەتانیاهۆ دیکتە دەکات. ئەم حکوومەتە سەرمایەدارییە کە دەستی بەسەر دەریایەک لە سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایەدا گرتووە و هۆکاری هەژاری و بێبەشی و بێمافی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە، لەماوەی ئەم ساڵانەدا هیچ دەرفەتێکی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و سات و سەودا لەگەڵ ئەمریکا لەپێناو بەرژوەندی خۆی و لەدژی بەرژوەندی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین لەدەست نەداوە.

لەگەڵ تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ لە هێرشی ئەرتەشی ڕووسیە بۆسەر ئۆکراین بەرانبەر بە ڕیزەکانی ناتۆ، هێژمۆنی ئەمریکا لە ئورووپاش بەئاشکرا کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە. شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین بەدوای قەیرانی پەتای کۆرۆنا بەدەر لە کاریگەرییەکانی لەسەر ژیان و گوزەرانی سەدان ملیۆن کەس لە خەڵکی جیهان، ڕەوتی پێکهاتن و سەقامگیربوونی جەمسەرە تازەکانی خێراتر کردووەتەوە. لەئێستادا لە ئەمریکای لاتین، لە ئەفریقا، لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئورووپا، لە هەموو شوێنێک ڕۆڵی ڕێبەری و هێژمۆنیکی ئەمریکا چووەتە ژێر پرسیارەوە. ئەم بارودۆخە کە بەرهەمی قەیرانی پێکهاتەیی نیزامی سەرمایەدارییە لە هەمووی ئەم ناوەندانەدا ڕەقابەتی ژێئۆپۆلەتیکی پەرەپێداوە. بەپێچەوانەی تەسەوری دەوڵەتی ئەمریکا و باقی دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا کە خۆیان لە ناوەندی گۆڕانکارییەکانی جیهاندا دەبینن و لەو باوەڕەدان کە وڵاتانی باشوور دەبێ خۆیان لەگەڵ سیاسەتی ستراتێژیکی ئەوان هاوئاراستە بکەن، جیهان دەمێکە بەرەو پێکهاتنی جەمسەرە نوێیەکان لە حەرەکەتدایە و وڵاتانی باشوور ئیتر خۆیان لە قامەتی کۆلۆنییەکانی جیهانی ڕۆژئاوادا نابینن. گرووپی بریکس، پەیمانی شانگهای، یەکیەتی وڵاتانی ئەفریقا و یەکیەتی وڵاتانی ئەمریکای باشوور و کارائیب بەشێک لەم جەمسەرە نوێیانەن کە هاتوونە ناو مەیدانی



هاوکێشە جیهانییەکانەوە. لە بواری ئابوورییەوە بەڕوونی دەبینرێ کە ئەم جەمسەرە نوێیانە سەرەڕای ئەو بەربەستە گەورانەی کە لەسەر ڕێگەیانە بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێژمۆنی ئەمریکا لەپێناو پێکهێنانی مێکانیزمی جێنشین حەرەکەت دەکەن. چین وەک پێشەنگی ئەندامانی گرووپی بریکس لە هەوڵی ئەوەدایە دەورونەخشێکی چارەنووسسازی لە بواری ئابووری و پەیوەندیی نێونەتەوەییدا هەبێت. ئەوەیکە ڕوونە، جیهان قۆناغێکی گوزاری پڕ لە جموجۆڵ و هەستیار تێدەپەڕێنێت. پەیوەندی دەسەڵاتە جیهانی و ناوچەییەکان و نەزمی ژێئۆپۆلەتیکی جیهان لە گۆڕاندایە. دەسەڵاتی ئەمریکا ڕۆڵی هێژمۆنیکی خۆی لەدەستداوە. جیهان لە جەرگەی قەیرانی پێکهاتەیی نیزامی سەرمایەداری و کێشمەکێشە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا بەرەو سەقامگیریی جیهانێکی چەندجەمسەری دەڕوات. سەقامگیریی جیهانی چەندجەمسەری لەگەڵ باڵادەستی چینی سەرمایەداری، چ تایبەتمەندییەکی دەبێت؟ وڵامی ئەم پرسیارە هێشتا ڕوون نییە. ئایا بزووتنەوەی سۆسیالیستی و ئەنترناسیۆنالیستی چینی کرێکار دەتوانێت ببێتە جەمسەرێکی سیاسی بەهێز؟ پێویستە هەوڵی بۆ بدرێت. پێکهێنانی ئەحزابی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ کە بتوانن خەباتی ئێستای کرێکاران ئاوێتەی ستراتێژی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بکەن، لە پێشمەرجەکانی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکارە لەم ئاراستەیەدا.

لە بەشێک لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ئیجرایی بە پلێنۆمی شەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و باسە پەیوەندیدارەکان، گەشە و پەرەسەندنی دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی ناتەبا لەئاکامی درێژەی قەیرانی ئابووریی سەرمایەداری و بارودۆخی ئاڵۆزی جیهان درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەم بەشە لە باسەکاندا تەئکید کرا کە درێژەی قەیرانی ئابووری و بارودۆخی ئاڵۆزی جیهان دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی ناتەبا، خەباتی کرێکاری و ڕەوتە ڕاستە توندئاژۆکانی بەشێوەی هاوکات و هاوتەریب لەگەڵ یەک پەرەپێداوە.

لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چینی کرێکار لە ئەمریکا دوای چەندین دەیە ڕکوود و نەچۆنە سەرەوەی حەقدەستەکان، دەستی دایەوە نارەزایەتی. زیاتر لە نیو ملیۆن کرێکار لە بەشە جۆراوجۆرەکان لەپێناو بردنەسەری حەقدەست مانگرتنیان بەڕێوەبرد. کرێکارانی ئۆتۆمبێل لە سێ شیرکەتی گەورەی فۆرد، جێنێراڵ مۆتۆرز و ستێلانتیس لە ڕێکخستنی ئەم مانگرتنانەدا دەورونەخشێکی بەرچاویان بینی. کرێکارانی لۆکۆمۆتیوسازی، پەرستاران و کارمەندانی بەشی تەندروستی، کرێکارانی باقی بەشەکانی بەرهەمهێنان، مامۆستایان و ڕۆژنامەوانان بەشێک لەم بزووتنەوە نارەزایەتییە بوون لەپێناو بردنەسەری حەقدەست و باقی خزمەتگوزارییەکانیان. ئەم مانگرتن و نارەزایەتییانە ئاوێتەی خەبات بەدژی بوروکراتیسمی ناو یەکیەتییە کرێکارییەکان بووە. لە وڵاتانی ئورووپاییش لەحاڵێکدا کە دەوڵەتەکان و خاوەنانی سەرمایە دوای قەیرانی کۆرۆنا و لەگەڵ شەڕی ئیمپریالیستی ئۆکراین ڕوویان کردووەتە چەوساندنەوەی زیاتری کرێکاران، لەبەرامبەردا کرێکارانیش بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیان و کاریان و بەدژی لەناوبردنی پیشەکان و کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینان و حاڵەتەکانی تری لەم جۆرە، دەستیان داوەتە نارەزایەتی. لە فەڕانسە چینی کرێکار بە هاوڕێکردنی بێبەشانی کۆمەڵگا سەدان نارەزایەتی و مانگرتنیان لە دژی زیادبوونی تەمەنی خانەنشینی ڕێکخست. کرێکارانی هێڵی ئاسن، کارەبا، تەندروستی، پەروەردە و بەشەکانی دیکەی فەڕانسە لەم بزووتنەوەی نارەزایەتی و مانگرتنەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. کرێکاران لە بەریتانیا بۆ قەرەبووکردنەوەی هاتنەخواری ئاستی حەقدەستی ڕاستەقینە مانیان گرت و ڕژانە سەر شەقامەکان. کرێکارانی هێڵی ئاسن، پەرستاران، پێرسۆنێلی فریاگوزاری و ئاگرکوژێنەوە و مامۆستایان بەشێکی سەرەکی ئەم مانگرتن و نارەزایەتییانە بوون. لە ئاڵمان چەندین جار دەیان هەزار کرێکار لە چالاکی هاوبەشدا لە فرۆکەخانەکان و لە بەشی گواستنەوەی ئاسمانی و بەندەرەکان و هێڵی ئاسن و پاس و کەشتی و هێڵی میترۆ لە سەرتاسەری ئاڵمان مانیان گرت و خزمەتگوزاری گواستنەوەی ئەم وڵاتەیان ڕاگرت. کرێکاران خوازیاری زیادکردنی حەقدەست و کەمکردنەوەی تێچووی بەرینی نیزامی بوون و داوایان لە دەوڵەت کرد کە لەڕێگەی ئەم سەرچاوانەوە کۆمەکی

کرێکاران بکات. لە یۆنان، دەیان هەزار کرێکاری هێڵی ئاسن، بەندەر، کانزا و کەشتیوانی، سەندیکای فەرمانبەرانی حکومەت و خوێندکاران لە ناڕەزایەتی بە ژێرخانی نائەمنی هێڵی ئاسن و کەمبوونی هێزی کار دەستیان دایە مانگرتن و ناڕەزایەتی. لە قارەی ئەفریقاش، وڵاتانی ئەفریقای باشوور، نیجێریە و سێنێگاڵ، غنا و چەند وڵاتی تر، کرێکاران بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیان و دژبە گوشاری دەوڵەت و چەوساندنەوەی کۆمپانیا چەندملیەتییەکان ناڕەزایەتییان دەربڕی. لە ئەمریکای لاتین کرێکارانی کانەکانی زێڕ و پیشەسازی پۆڵا و جەماوەری وەگیانهاتوو لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئارژانتین، ئەم وڵاتەیان کردە گۆڕەپانی مانگرتن و ناڕەزایەتی بەردەوامی خۆیان. هەروەها کرێکارانی مەکزیک، پاناما، بەرازیل، شیلی و ئیکوادۆر بەرامبەر بە بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکانی ژیان ناڕەزایەتیان دەربڕی. کرێکاران لە هێند، ژاپۆن و بەنگلادێشیش لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی هاوچینەکانیان بۆ باشکردنی ژیان کە بە بەرینایی جیهان لە ئارادایە وەدوا نەکەوتوون. ئەم شەپۆلەی بزووتنەوەی بەربڵاوی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران لە سەرانسەری جیهان نیشانی دەدات کە تووڕەیی و ناڕەزایەتی بەرامبەر بە سیاسەتی دژەکرێکاری حکومەت و خاوەنانی سەرمایە و سەنعەت و کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان بەردەوام خەریکە پەرە دەستێنێت. کرێکاران لە قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوان هەژاری و سەروەت و لەم هەمووە هەژاری و نابەرابەرییە وەگیان هاتوون و خوازیاری تەرخانکردنی سەرچاوە بۆ پەروەردە، تەندروستی و خۆشبژێویی ئینسانەکانن.

لە جەرگەی درێژەی قەیرانی سەرمایەداری و بارودۆخی پڕ لە ئاڵوگۆڕی جیهاندا، بەهۆکاری تووڕەیی و ناڕەزایەتی پەنگخواردوو، سەرچاوەگرتوو لە بەرنامەکانی ڕیازەتی ئابووری و نیولیبراڵی، کە ئاکامی ئابووریی قەیرانی کۆڕۆنا و شەڕی ئیمپریالیستی لە ئۆکراین و قەیرانی دارایی جیهانی بەرینتری کردووەتەوە، ڕەوتە ڕاستە توندئاژۆکان پەرەیان سەندووە. ئەم ڕەوتە ڕاستە توندڕەوانە تا ئاستێک توانیویانە تووڕەیی و ناڕەزایەتی بەشێک لە کۆمەڵگا بەدژی بارودۆخی ئێستا بەلاڕێدا بەرن و بەسەر باڵی چەپی کۆمەڵگا و پەنابەران و کۆچبەرانیدا بشکێننەوە. ترامپ بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و پۆپۆلیستیی خۆی تا ئاستێک توانیویەتی ناڕەزایەتی بەشێک لە کۆمەڵگا بەدژی بارودۆخی ئێستا دژبە کۆچبەران کانالیزە بکات. هەروەها ڕەوتەکانی وەک "براکان لە بریتانیا"، "بەدیل لە ئاڵمان"، "باڵی دەستی ڕاستی حیزبی پارێزکاری بریتانیا"، "مارین لۆپن لە فەڕانسە"، "حیزبی ئازادی لە ئۆتریش"، دیموکراتەکانی سوێد"، "حیزبی بەهاراتیا جاناتا لە هێند"، "حیزبی ئازادیی ئارژانتین" و ... ئەو ڕەوتە ڕاستە توندئاژۆ و فاشیستانەن کە ئەگەرچی هیچکامیان بەدیلێکی ئابووریی یەکگرتوویان لە بەرانبەر بنبەست و دەرمانی مۆدێلی نیۆلیبرالیسمدا نییە، بەڵام لە نەبوونی بەدیلێکی بەهێزی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستیدا، لە تووڕەیی و ناڕەزایەتیی بەشێک لە کۆمەڵگا لەئاست دواهاتەکانی قەیرانی سەرمایەداری تەغزییە دەکەن.

بەشێک لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ئیجرایی بە پلێنۆمی شەشی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و باسە پەیوەندیدارەکان، بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێران تەرخان کرا. سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئێران پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب تەئکیدی کرد کە کۆمەڵگای ئێران هەروا لە قۆناغی شۆڕشگێڕانەدا بەسەر دەبات و چاوگێڕانێک بەسەر ڕەوتی بابەتی ئەم بارودۆخە نیشانی دەدات کە هەموو ئەو پێشمەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە بۆ قۆناغێکی شۆڕشگێڕانە پێویستە نەک هەر بوونی هەیە بەڵکوو پەرەشیان سەندووە. قووڵبوونەوە و هەمەلایەنەبوونی قەیرانی ئابووری، چوونەسەری بەرینی نرخی کاڵا پێویستەکانی ڕۆژانەی کرێکاران و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، پەرەسەندنی



بێکاری کە بووەتە کارەساتێکی کۆمەڵایەتی، هێڵی هەژاری ٣٠ ملیۆن تمەن لە تاران و ٢٥ ملیۆن تمەن لە شارەکانی تری ئێران، حەقدەستی سێ بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری، قووڵبوونەوەی بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت نیشانەی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و ئاکامە وێرانکەرەکانیەتی لەسەر ژیان و گوزەرانی بنماڵە کرێکارییەکان و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا. لەلایەکی دیکەوە پەرەسەندنی گوشار و هێرشی ڕێکخراو بۆسەر ژنان لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، چوونەسەری ژمارەی منداڵانێک کە بەهۆی هەژارییەوە لە خوێندن بەجێماون و بە لەشکری منداڵانی کار و شەقام پەیوەست بوون، پەرەسەندنی ئێعتیاد و ئەنواعی ئازارە کۆمەڵایەتییەکان، ئاستی بێوێنەی قەیرانە ژینگەییەکان کە ژیانی جەماوەری خەڵک، بەتایبەت هەژارانی گوندەکانی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە. لەحاڵێکدا کە ڕەوتی ئەم بارودۆخە پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کردووەتە بابەتێکی حەتمی، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی حازر نییە ڕیفۆرم، چاکسازی یان باشتربوونێک لە ژیانی کرێکاران و هەژارانی ئەم کۆمەڵگایەدا پێکبێنێت. سەرانی حکوومەتی ئیسلامی لەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیەدا یەکجار لەوە دەترسێن کە چکۆلەترین پاشەکشە لە سیاسەتەکانی هەتا ئێستایان، ڕووحیەی تەعەڕوزی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان پەرەپێبدات و ببێتە هۆی لێکهەڵوەشانی یەکجاری نیزامە سیاسییەکەیان. پرۆسەی ئامادەکاری ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکان کە هەمووی فریو و ساختەکاری و هەڕەشەیە، ڕەدی سەلاحیەتی ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی ئەم مەجلیسە، ڕەدی سەلاحیەتی مۆرەکانی وەک حەسەنی ڕووحانی و ئەوانی تر، نیشانی دەدا کە سەرانی ئەم ڕژیمە دیسانیش بیر لەوە دەکەنەوە کە ئاڵقەی هێزەکانیان تەنگتر بکەنەوە و ئۆرگانەکانی دەسەڵات و سەرکوت یەکدەستتر بکەن. ڕەوتی بابەتی ئەم بارودۆخە لە هەمان حاڵدا کە پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزابەتی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی کردووەتە حەتمی، تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە شۆڕشگێرانەیەش وێنا دەکات.

بەڵام ئاشکرایە کە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیە تەنیا لەڕووی کۆمەڵناسییەوە و تەنیا بە پێشمەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان پێناسە ناکرێت. بەڵکوو کۆمەڵێک پێکهاتەی سیاسی لە گەشەسەندنی قۆناغی شۆڕشگێڕانەدا دەورونەخشیان هەیە. واتە ئەو هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە پێداویستی قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەیە دەبێ ڕەنگدانەوەی خۆی لە پێگە، وشیاری و زهنیەتی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا نیشان بدات. پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم بارودۆخ و پێش زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە کاریگەرییان لەسەر وشیاری چینی کرێکار و لەسەر زهنیەتی چینی ماماوەند یان توێژە وردە بورژواییەکان و لەسەر پێگەی چینی سەرمایەداری دەسەڵاتدار چی بووە. لەئێستادا چینی کرێکاری ئێران باشتر لە هەر کارناسێکی ئابووری دەزانێ کە لە چ بارودۆخێکی دژواری ئابووریدا کار و خەباتی خۆی بەڕێوە دەبات. بەڵام چینی کرێکار تەنیا کاتێک دەتوانێ ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەم قۆناغەدا بەجێ بێنێ کە ڕێگای چوونەدەر لەم بارودۆخە فەلاکەتبارەی کۆمەڵگا، نەک لە پاراستنی موناسباتی سیاسی و چینایەتی خۆی، بەڵکوو لە ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە بەدژی نەزمی ئێستادا ببینێت. ئەمە یەکێک لە پێشمەرجەکانی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستایە. ئەم ئاڵوگۆڕە لە وشیاری و بیر وهەرزی چینی کرێکار، پێویستە لە ڕێکخستنی ئەم چینەدا خۆی نیشان بدات. بەڵام لەم بوارەدا چینی کرێکاری ئێران لەگەڵ بەربەستی گەورە بەرەوڕووە. سەرکوتی بەرین، هەژاری پێکهاتەیی کە تێچووی سەرکوتی بۆ چینی کرێکار یەکجار بردووەتە سەرێ و پەرەسەندنی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و گرێبەستی کاتی و سپی ئیمزا و نائەمنیی پیشە، لە گەورەترین بەربەستەکانی سەر ڕێگای ڕێکخستنی چینی کرێکارن. ئەگەر لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بزووتنەوەی کرێکاری نەیتوانی بە مانگرتنی سەرتاسەری لە ناوەندە سەنعەتییە سەرەکییەکان بە ناڕەزایەتییەکانی شەقام کە گەلێک جار تێکەڵ بە مانگرتنی گشتی بوون پەیوەست بێت، بەهۆکاری هەر ئەم بەربەست و ئاستەنگییانەیە کە لە پێشیەتی.

ئەم بارودۆخە دژوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە پێگەی ئابووریی چینی ماماوەند و توێژی خۆشبژێوی وردەبورژواییدا ڕووی داوە ئەگەرچی بەشێکی بەرین لەم توێژەی بەرەو لایەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا پاڵ پێوەناوە و بووەتە هۆی ئەوەیکە ئەم توێژە بەرینە متمانەیان بە دەسەڵات و پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدار لەدەست بدەن و لە وتنی "نا" بە کۆماری ئیسلامی شک و گومان وەلا

بنێن، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە لە زهنیەتی وردەبورژواییدا هێشتا نەبووەتە هۆی ئەوەیکە دەست لە پاراستنی نەزمی مەوجوود هەڵبگرن و بە ئاڵوگۆڕی رادیکاڵ هیوادار بن. نەتەنیا هیوادار بن، بەڵکوو لە ئاستی جەماوەریدا بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بێنە مەیدان. لەم رووەوە ئەم توێژە بەرینە لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ژینادا ئەگەرچی دڵیان لەگەڵ دڵی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و ناڕازی لە شەقامەکان لێیدەدا، و هێندێک جار بە پەیوەست بوون بە مانگرتنە گشتییەکان هاوپشتی خۆیان لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی شەقام نیشان دەدا، بەڵام هێشتا ئامادەیی زهنیی ئەوەیان پەیدا نەکردبوو کە لە ئاستی جەماوەریدا بەم ناڕەزایەتییانە پەیوەست بن و بۆ رووخاندنی رژیمی کۆماری ئیسلامی قۆڵ هەڵماڵن. بێگومان توانای رژیم لە سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکان و رەشبگیریی بەرین، شەپۆلی یەک لە دوای یەکی ئێعدامەکان، لەو بەربەستە سەرەکییەکانە بوو کە نەیهێشت وردەبورژوازی لە وەزعی مەوجوود واز بێنێت و ئەمەش بوو بە بەربەست لە جەماوەری بوونەوەی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێرانەیەدا. بەڵام لە هەمان کاتدا نیگەرانی لە دووپات بوونەوەی ئەزموونی شکستی شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاوی، نیگەرانی لە دووپات بوونەوەی ئەزموونی ئاخێزە جەماوەرییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نیگەرانی لە مەترسی شەڕی ناوخۆیی و سووریەیی بوونی ئێران کە رێفۆرمخوازانی حکوومەتی و بەشێک لە هێزە بورژواییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەکانی پەرەیان پێدەدا، و هەروەها نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی رزگاریبەخشی بەهێز لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا کە جەماوەری خەڵک بتوانی پێی هیوادار بێ، لە بەربەستە زهنییەکانی دیکەی هاتنە مەیدانی ئەم توێژەیە لەئاستی جەماوەریدا.

پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری، کە لە بێتوانایی لە بەرهەمهێنانەوەی بەرین، لە چەقبەستوویی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، لە بڕی یەکجار زۆری نەختینەی قەیرانزا، لە قەیرانی بەدیهێنانی بەها، لە رەوانەکردنی سەرمایەکان بەرەو رەوتی سەرمایەی ماڵی و بازرگانی، لە راوەستانی وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ و بەرهەمە خۆراکییەکان بەهۆکاری سیاسەتی وێرانکەری ژینگەیی خۆی نیشان داوە، رژیمی کۆماری ئیسلامی و چینی سەرمایەداری دەسەڵاتداری یەکجار خستووەتە ناو مەنگەنەوە. سەرانی رژیم بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری لەلایەکەوە روویان کردووەتە ئینکار و کەم بایەخ نیشاندانی ئەم بابەتە و لەلایەکی دیکەشەوە روویان کردووەتە زیادکردنی هەناردەی نەوت و سات و سەودای پشتی پەردە لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوا بۆ گواستنەوەی دۆلارەکانی سەرچاوەگرتوو لە هەناردەی نەوت. تا بتوانن کەسری بوودجەیان قەرەبوو بکەنەوە و بوودجەی هێزە سەرکوتگەرەکان دابین بکەن و دەزگای پان و بەرینی ئیداری دەوڵەت لەسەر پێ رابگرن. توندبوونەوەی ئەم قەیرانە ئابوورییە و درێژەی گەمارۆکان کە پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری و جەماوەری کردووەتە ئەمری واقع، ناتەبایی بنکەی لاوازی ئابووری لەگەڵ سیاسەتی دەستتێوەردان و ماجەراجوویی نیزامی رژیمی ئیسلامی لەسەر ئاستی ناوچەیی، پەرەسەندنی ناکۆکییەکان و کێشمەکێشە تازەکانی نێوان باند و باڵە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات کە شکستی سەرشۆڕانە و بێوێنەی گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی ١١ی رەشەممە زیاتری پەرە پێدەدات، کاریگەری ئەم زنجیرە هۆکارانە لەسەر ریزەکانی هێزی چەکدار و سەرکوت لە حاڵێکدا کە دەزگای ئیدئۆلۆژیک و رووحانیەت لە پاساوکردنی ئەم بارودۆخەدا گەیشتووەتە بنبەست، پێگەی رژیمی ئیسلامی زیاتر لە رابردوو قەیراناوی و لاواز دەکات. مووشەک هاویشتنەکانی هێزە نیابەتییەکانی رژیم لە عێراق و سووریە بەرەو پایەگاکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و شەڕنانەوەی حووسییەکانی یەمەن، زیاتر لەوەیکە نیشانەی دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی بێت هەوڵی ئەم رژیمە بۆ شاردنەوەی خاڵە لاوازەکانی لە بەرانبەر باڵادەستی نیزامی دەوڵەتی ئیسرائیل نیشان دەدات. دەوڵەتی رووسیە بە ئاگاداربوون لەم خاڵە لاوازانە و لەم سەرلێشێواوییە ستراتێژیکانەی رژیمی کۆماری ئیسلامی، ئامرازی هاوسەنگ کردنی لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوە لە دەستی دەرهێناوە و رژیمی کۆماری ئیسلامی لە کێبەرکێ ناوچەییەکاندا کەوتووەتە پێگەیەکی لاوازترەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە رژیمی ئیسلامی هێشتا متمانەبەخۆیی لەدەست نەداوە و بە پشت بەستنی یەک لایەنە بە پەرەپێدانی سەرکوت و رەشبگیری و ئێعدام، بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی هەوڵ دەدات. بەڵام پشت بەستنی یەک لایەنە بە بژاردەی سەرکوت و ئێعدامیش پێگەی رژیمی لاوازتر کردووە. ئەو رۆژەی کە تاکتیکی سەرکوت بە یەکجاری کاریگەریی لەدەست بدات، سەرانی حکوومەت توانای پاراستنی ئەم سیستمەیان نامێنێت و رەوتی دارمان و رووخانی رژیم دەستپێدەکات. شکستی دەسەڵاتی ئیسلامی لە شانۆی هەڵبژاردنەکان دەتوانێ ئەم رەوتە خێراتر بکاتەوە و ببێتە سەنگەرێک بۆ پێشڕەویی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵگا.

لە قۆناغی شۆڕشگێرانەی ئێستادا هەموو ئەو تایبەتمەندییە سیاسییانەی کە لە سەرەوە باسیان کرا هاوتەریب لەگەڵ یەک بەرەوپێش دەچن. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم تایبەتمەندییانە هاوکات لەگەڵ یەک پەرە ناستێنن. هەر ئەم ناهاوکات بوونە لە گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەم تایبەتمەندییە سیاسییانە کە قۆناغی شۆڕشگێرانەی ئێستا وەسف دەکەن، لە راستیدا هەڵکشان و داکشانەکانی ئەم قۆناغەش تەوزیح دەدەن. هەڵسەنگاندنێکی واقعبینانە لە بارودۆخ و ناسینی بەربەستەکانی سەر رێگای پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و سۆسیالیستی و ئەو زەرفیەت و هێزە ماددییانەی کە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بەربەستانە دەتوانین پشتیان پێ ببەستین، تا ئاستێک دەتوانێ ببێتە قوتبنمای حەرەکەتمان. لە بارودۆخی ئێستادا بۆ زەمانەتکردنی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە، پەرەپێدانی ستراتێژی شۆڕشگێرانە و هەوڵ بۆ پێکهێنانی ئاڵتێرناتیڤ و بەدیلی کرێکاری و سۆسیالیستی لە ئەولەوییەتەکانی چالاکییەکانمانە.



پلێنۆمی بەشێکی گرینگ لە باسە سیاسییەکانی خۆی بە پێویستی پەرەپێدانی ستراتێژی و ئاسۆی شۆڕشگێرانە و سۆسیالیستی و رۆشنگەری سەبارەت بە سرووشتی راستەقینەی ستراتێژی و بەرنامەکانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بورژوایی تەرخانکرد.

لە کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی حیزب جەخت لەوە کرایەوە کە پێویستە چارەسەر و بەدیلێکی کرێکاری و سۆسیالیستی بخرێتە بەردەم موناسباتی سەرمایەداری زاڵ و حکوومەتی سەرمایەی ئیسلامی، تەبلیغ و بانگەشەی بۆ بکرێت و بکرێتە گوتارێکی بەهێز لەناو کۆمەڵگادا. پێویستە نیشان بدرێت کە سۆسیالیزم تەنها بەدیلێکە کە دەتوانێ ئاسۆی رزگاری بەرەورووی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران بکاتەوە و کۆتایی بە هەموو ئەو کێشە و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە بێنێ کە هەموو کۆمەڵگای داگرتووە. پێویستە بەپێچەوانەی تەسەورێک کە ئیدئۆلۆگەکانی چینەکانی سەرەوە پەرەی پێدەدەن، نیشان بدرێت کە بەدیلی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای بابەتی و واقعی دامەزراوە. پێویستە نیشان بدرێت کە هێزی کۆمەڵایەتی وەدیهێنانی سۆسیالیزم، واتە چینی کرێکار کە بە مانگرتن و ناڕەزایەتی خۆی لە گۆڕەپانی کۆمەڵگادا بەشدارە، لە رەوتی خەبات و رێکخستنی ریزەکانی خۆیدا زۆربەی بێبەشان و ستەملێکراوان و ئازادیخوازانی کۆمەڵگا و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خۆی هاورێ دەکات، لە حیزب و رێکخراوی سیاسی و کۆمۆنیستیدا خۆی رێک دەخات و ئامادەیی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە مێژووییە پەیدا دەکات. ئەڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی لە یەکەم هەنگاوی

پێشڕەوی خۆیدا رژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێنێت. ماشێنی دەوڵەتی بەهەموو دام و دەزگای سەرکوتیەوە تێکدەشکێنێت و دەسەڵاتی شۆڕاکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دادەمەزرێنێت. دەسەڵاتی شۆرایی بەرینترین ئازادییە بێ شەرت و مەرجە سیاسییەکان دابین و زەمانەت دەکات. لە ڕێگەی گشتی کردنەوەی خاوەندارییەتی ئامرازی بەرهەمهێنان، هەموو توانا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران بە بەرنامە و بە شێوەی داڕێژراو دەخاتە کار. بە لەناوبردنی هەستی نامۆیی ئینسان لەگەڵ بەرهەمی کاری خۆی داهێنان و توانای ئەو جەماوەرەی کە ئازادن و بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵن، دەپشکوێنێ. هەربۆیەش پێشکەوتن و گەشەی ئابووریی ڕاستەقینە مەیسەر دەبێت، بەرهەمی کار زۆر بەخێرایی گەشە دەکات و خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی خەڵك لە ئاستێکی بەریندا بە ئامانجی دابین کردنی بواری پێداویستیەکانی مادی و مەعنەوی ئینسانەکان بەرهەم دێت. خەڵك لە ئیمکاناتی یەکسان و فراوان بۆ گەشەی توانا کەسیەکانیان بەهرەمەند دەبن و هێزی داهێنان و توانای تاکەکەسی دەپشکوێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا، ئازادی و خۆشبژێوی هەر تاکێك مەرجی ئازادی و خۆشبژیوی هەموانە و تەقالا بۆ مانەوەی تاك کۆتایی پێدێت و ئینسانەکان بەرەو قۆناخێکی بەڕاستی ئینسانی هەنگاو هەڵدەگرن. لە نیزامی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی دا، کار لە جەبر بۆ پەیدا کردنی پێداویستیەکانی ژیانەوە دەبێتە چالاکیەکی خۆبەخشانە کە تەنیا لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە ئەرکەکان و وڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت. تێکنۆلۆژی و پێشکەوتنە زانستیەکیان وێڕای پێشکەوتنە جیهانیەکانی زانست دەخرێنە خزمەت باشترکردنی ژیانی هاووڵاتییان و ئیمکانی هێنانەخواری سەعاتی کار و بردنەسەری سەعاتی فەراغەت و بێکاری فەراهەم دەبێت. کۆمەڵگای سۆسیالیستی شێوازە جۆراوجۆرەکانی نابەرابەری و هەڵاواردن لەوانە ستەم بەرانبەر ژنان ڕیشەکێش دەکات. هەڵاواردنی ڕەگەزی و بەرچاوتەنگی نەتەوەیی و نژادی، جێگای خۆی دەدا بە هاوپشتی ڕاستەقینەی ئینسانەکان. سۆسیالیزم بە وێرانکاری و کارەساتە ژینگەییەکان کە بوون و ئەمنیەت و ڕەفاهی ئینسانەکانیان خستووەتە مەترسییەوە کۆتایی دێنێ و پاراستن و کەڵک وەرگرتنی عەقڵانی لە سرووشت دەکاتە پێوەری سەرەکی پێشکەوتن و گەشەی خۆی. دامەزراندنی وەها کۆمەڵگایەك، خەیاڵ پەردازی و هێنانە بەرچاوی شاری ئاواتەکان نییە. بەڵکوو حەرەکەتێکە لە ڕەوتی گۆڕانکاریە مادیەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا. هێزە کۆمەڵایەتییەکەی لە قامەتی نارەزایەتی و مانگرتنی شکۆداری کرێکاران، نارەزایەتی بێبەشانی شار لە مەیداندا حزووری هەیە و ئیمکاناتی مادی وەدیهاتنی بوونی هەیە. بەڵام بۆ بەهێزکردنی بواری ڕێکخستنی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە، بۆ تەقویەت و یەکگرتوویی ئاراستەی سۆسیالیستی ناو چینی کرێکار و بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەی شۆرایی و بۆ دامەزراندنی سۆسیالیسم پێویستە قۆڵ هەڵماڵین.

لە هەمان کاتدا کە پێویستە بەشێوەی ئیسباتی تەبلیغ و بانگەشەی سۆسیالیزم بکەین و هەوڵ بدەین بەدیلی سۆسیالیزم ببێتە گوتارێکی بەهێز لە کۆمەڵگادا، نابێ لەبیرمان بچێ کە حەریفی سەرەکی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی لە خەبات بۆ پێکهێنانی ئاڵتێرناتیڤی حکوومەتی، ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیۆلیبڕاڵی بورژوایی و کۆماریخوازان. ئەمانە لە هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن. ڕیفۆرمیزم، بنەمای کۆمەڵایەتی ئەمانە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا پێکدەهێنێت. فێمینیزمی لیبراڵ لە بزووتنەوەی ژنان و ئاراستەی لیبراڵ و ڕیفۆرمخوازی لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا نوێنەرایەتی ئەم بەشەی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی دەکەن. حیزبە ناسیۆنالیستەکان بنەمای کاریگەری ئەم بەشەی ئۆپۆزسیۆنن لە کوردستاندا. ئەگەر بزووتنەوەی سۆسیالیستی بۆ پێشخستنی ستراتیژی شۆڕشگێڕانەی خۆی پشت بە بزووتنەوەی دژەسەرمایەداری چینی کرێکار و هێزی مەزنی چەپی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان دەبەستێت، ئەم بەشەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش پشت بە پشتیوانی زلهێزە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا دەبەستێت. بزووتنەوەی سۆسیالیستی پێویستە بتوانێ ناتەبایی ستراتێژی و بەرنامە ئابوورییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیۆلیبڕاڵی بورژوایی و کۆماریخواز وێڕای پلاتفۆرمی داخوازی و ئیدیعاکانیان سەبارەت بە دابینکردنی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی، ئازادی سیاسی و بەرابەری ژن و پیاو و ...، بۆ کرێکاران و



جەماوەری خەڵک ئاشکرا بکات.

پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەشێک لە باسە سیاسییەکانی خۆی بە گرینگی ستراتێژیکی ڕێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهێنانی ڕێبەری سیاسی سەرتاسەری تەرخانکرد و پاشان بە چوونە ناو تەوەری پەیوەندیدار بە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی ١٤ی حیزب و پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتە تەشکیلاتیەکان و دابەشکردنی کار و پێکهاتەی کۆمیتەی ناوەندی، دوای دوو ڕۆژ کۆبوونەوەی چڕوپڕ کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

پلێنۆم جەختی لەوە کردەوە کە ئاڵقەی سەرەکی لە پێشخستنی ستراتیژی سۆسیالیستیدا، ڕێکخستنی چینی کرێکار و یەکگرتوویی ئاراستەی سۆسیالیستییە لەناو ئەم چینەدا. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا چینی کرێکاری ئێران بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆی و بۆ ئامادەبوون لەپێناو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆی بەربەستی گەورەی لەسەر ڕێیە، بەڵام لە هەمان حاڵدا گەلێک زەرفیەت و توانای بەرچاویشی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بەربەستانەدا پەیدا کردووە. بزووتنەوی کرێکاریی ئێران یەکێک لە چالاکترین بزووتنەوە کرێکارییەکانی جیهانە. نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری کاریگەرترین مێکانیسم و بەستێنی بابەتی گونجاوە بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار. لەم ڕووەوە پەرەپێدانی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری گرینگییەکی درێژخایەن و ستراتێژیکی هەیە. ڕێگایەکی کاریگەر بۆ پەرەپێدانی نارەزایەتییە کرێکارییەکان، ئەوەیە کە یارمەتییان بدرێ سەرکەون. کەوابوو بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی هەر تاکە مانگرتن و نارەزایەتییەکی کرێکاری پێویستە هێزی بۆ تەرخان بکرێت. بێگومان مانگرتنە کرێکارییەکان لە کارخانە و ناوەندە گەورەکانی وەک زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان، فوولادی ئەهواز، سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی و ... بە بێ دەورونەخشی کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن و یان بە بێ پشت بەستنی چالاکان و پێشڕەوانی کرێکاری بە کۆبوونەوەی گشتی کرێکاری و دەخاڵەتدانی جەماوەری کرێکار لە چارەنووسی ئەم نارەزایەتییانە مومکین نییە. ئەم کۆمیتانەی کارخانە و کۆمیتەکانی مانگرتن و کۆبوونەوە گشتییەکان دەتوانن ببنە چرۆی شۆرا کرێکارییەکان لە داهاتوودا. سیاسەتی سەرەکی حیزب دەبێ بەهێزکردنی ئەم پرۆسەیە و یارمەتیدانی بزووتنەوەی کرێکاری بە ڕوانگەیەکی شۆراییەوە بێت.

لەپێناو پێشخستنی ستراتێژی سۆسیالیستی و بەسەرەنجدان بە پێگەیەک کە ژنان لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیانە بزووتنەوەی ڕزگاری ژن پێویستە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی لەناو جەماوەری ملیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشدا بەهێزتر بکات و ڕێکخراوتر بێتە مەیدانی نەبەردەوە. بەشداری بەرچاوی ژنان لە بزووتنەوەی نارەزایەتی خانەنشینان و مامۆستایان وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە بزووتنەوەی خوێندکاری و هەروەها دەورونەخشی ئەوان لە ڕێکخستنی سەرتاسەری و ڕێبەری ئەم بزووتنەوانە، توانای بزووتنەوەی ژنانی لە بواری ڕێکخستن و ڕێبەریشدا نیشان داوە. بزووتنەوەی ڕزگاری ژن لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی

پەراوێزی شارەکان بە ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم گەڕەکانە لەناو ئەنجومەن و شۆراکانی ژنان دەتوانێ بەشێکی تر لە هێزی مەزنی خۆی بێنێتە مەیدان. بزووتنەوەی ڕزگاری ژن پێویستە ئەم بەشە لە هێزی کار لەگەڵ هێزی ڕێکخراوتری چینی کرێکار لە کارخانەکان و ناوەندە سەنعەتییەکان، لەگەڵ ئیعتراڕزاتی خانەنشینان و مامۆستایان و لەگەڵ باقی بزووتنەوە نارەزایەتییە پێشڕەوەکان هاوڕێ بکات. زەمانەت کردنی پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاری ژن، هێنانە مەیدانی جەماوەری ملیۆنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش زەروورییە. بزووتنەوەی خوێندکاری بە درێژایی یەک دەیە و نیوی ڕابردوو، بەتایبەت لەماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا گەلێک زەرفیەتی بەرچاوی لەبواری ڕێکخستن و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە خۆی نیشان داوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە بەشداری بەرچاوی خۆی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری بوو بە چاو و چرای خەڵکی ئێران و بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە پایەکی سەرەکی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە لە ئێرانە. ئەم بزووتنەوەیە توانای ئەوەی هەیە کە هێزی بزوێنەری خۆی ڕێکخراوتر بێنێتە مەیدان. بۆ پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، ئەم ڕووبارانە پێویستە یەک یەکبگرن. گەشەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندی ئەم بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییانە دەتوانێ بەستێنەکانی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری ئێران ئامادە بکات. ئەو مانگرتنانەی کە ئاوێتەی ڕێپێوانی سەر شەقام و کۆبوونەوەی نارەزایەتین دەتوانن دەزگای سیاسی، ئیداری و ئابووری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زەمینگیر بکەن. مانگرتنی سیاسی جەماوەری کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتیەتی، دەتوانێ ڕیزی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران بشێوێنێ. ناکۆکی ناو ئەم هێزانە قووڵتر بکاتەوە و هێزی سەرکوتیان زەمینگیر بکات و بەستێنەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

بۆ پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و لەپێناو هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەدیلی سۆسیالیستی، بابەتی ڕێبەری سیاسی سەرتاسەری یەکجار گرینگ بووەتەوە. ئەوەیکە ڕوونە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا وشیاری لەئاست ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەری سیاسی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و لەناو هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهێزتر کردووە. هەر لەم قۆناغەی دواییدا بەیاننامەکانی دەیان ڕێکخراوی کرێکاری و خوێندکاری و ناوەندی نووسەرانی ئێران بۆ مەحکوومکردنی سزای ئێعدام، بۆ مەحکوومکردنی جینۆسایدی دەوەڵەتی ئیسرائیل لە غەززە، بەیاننامەکانی شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی مامۆستایان سەبارەت بە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٤٠٣ و شانۆی هەڵبژاردنەکان، هەر هەموویان هەوڵ و تێکۆشانن لەپێناو پێکهێنانی ڕێبەری سەرتاسەریدا. پێویستە ڕێز لەم هەوڵانە بگیرێت و بەهێزتر بکرێن.

پێکهێنانی ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی بەم مەسیرەی سەرەوەدا تێدەپەڕێ. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی موتەحەزب و ڕێکخراو و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەتایبەتی، لە ڕێگەی وڵامدانەوە بە پێویستی ئەم بزووتنەوە واقعییانەی ناو کۆمەڵگا دەتوانن لەگەڵ بزووتنەوەی چەپی کۆمەڵایەتی بە یەک بگەن. ئەم بزووتنەوە چەپە کۆمەڵایەتییە بزووتنەوەی ئێمەیە. پایەی کۆمەڵایەتی ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستییە. ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی ئێران پەیوەندییەکی سیاسی و مەعنەوی قووڵیان لەگەڵ چەپی ناو کۆمەڵگا هەیە. کەوابوو نابێ لایان وابێ کە لە تەبعید دان و دوور خراونەتەوە. مێکانیسمی قایمتر کردنی پەیوەندی هێزە موتەحزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەگەڵ ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە، وڵامدانەوەی هاوبەش بە کێشە و ئاستەنگەکانی




بەردەم بزووتنەوە ڕاستەقینەکانی ناو کۆمەڵگایە. پێویستە لەم ڕێگەوە هەوڵ بدرێت کە پەیوەندییە سیاسی و مەعنەوییەکانی ئێستا بکرێنە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیک.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دوای پەسندکردنی کولیاتی ڕاپۆرتی سیاسی کە بەنووسراو خرابووە بەردەست ئەندامانی پلێنۆم، بەسەرەنجدان بەو باسانەی کە لەم پێوەندەدا هاتنە ئاراوە لەسەر تەکمیل و پێداچوونەی تەئکیدی کرد. پاشان ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی پلێنۆمی ٤١ی حیزبی دایە بەر باس و وێڕای تەئکید لەسەر بەڕێوەبردنی گۆنگرە لە هاوینی ئەمساڵدا، کۆمیسیۆنێکی حەوت کەسی لەناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ ئامادەکاری سیاسی و تەشکیلاتی کۆنگرە هەڵبژارد. لە بەشی ڕاپۆرتە تەشکیلاتییەکاندا ڕاپۆرتی کاری ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب کە بریتین لە کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان، کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات، شۆرای تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، کۆمیتەی ئیدارەی سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزب، هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب لە شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، گۆڤاری جەهانی ئێمڕووز، کۆمیتەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، کۆمیسیۆنی ماڵی، کۆمیسیۆنی پەروەردە و کۆمیتەی ئیجرایی حیزب بیسترا و درایە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە درێژەی ئەرکەکانی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی چالاکی حیزبی تەقویەتکرد و دووبارە سازمانی دانەوە.

پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بەشی کۆتایی کاری خۆیدا، بە مەبەستی هیدایەتی چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزب لەماوەی دوو پلێنۆمدا لەناو هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کە لە لیستی کاندیدەکاندا بوون، یازدە کەس لە هاوڕێیان: هەڵمەت ئەحمەدیان، ڕەئووف پەرستار، نوسرەت تەیموورزادە، شەمسی خوڕەمی، ناسر زەمانی، حەسەن شەمسی، ڕەحیم عەزیزپوور، ئارام فەرەجوڵلاهی، سەلاح مازوجی، جەلال محەممەدنەژاد و سەدیقە محەممەدیی وەک ئەندامی کۆمیتەی ئیجرایی حیزب هەڵبژارد.

کۆمیتەی ئیجرایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی

مارسی ٢٠٢٤ی زایینی

***

## بۆ یادی گیان بەختکردووانی کۆمۆنیستی گوردانی شوان

٣٦ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا هاوکات لەگەڵ دوایین مانگەکانی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق، ناوچەی دەشتی شارەزوور لە کوردستانی عێراق بوو بە مەیدانی شەڕێکی خوێناوی، کە تێیدا هەزاران کەس لە خەڵکی بێدفاعی دانیشتووی ئەم ناوچەیە، ژن و پیاو و منداڵ و پیر و لاو، بەهۆی بۆمبارانی شیمیایی ئەرتەشی جەنایەتکاری ڕژیمی عێراق، گیانیان بەختکرد.

لەو نێوەشدا کۆمەڵە کە لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران وعێراقدا، دژ بەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە هەڵوێستی گرتبوو و بەردەوام هەوڵی دەدا خۆی لە مەیدانەکانی بەدوور ڕابگرێ، ئەمجارەیان لەئاکامی سیاسەت و بڕیارێکی نادروستی ڕێبەریی ئەوکاتی کۆمەڵە واتە جێگرکردنی یەکێک لە گوردانە ڕەزمییەکانی تەشکیلاتی ناوچەی سنە لە ئاوایی سنووریی بیارە، گوردانی شوان نەخوازراو کەوتە داوی ئەو شەڕەوە و بەهۆیەیوە کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان خەسارێکی قەرەبوونەکراوەی بەرکەوت. ئاوایی بیارە لە ناوچەی هەورامان کە گوردانی شوان لەوێ جێگیر کرابوو لە خاکی عێراق دایە و لە نزیکیی سنووری کوردستانی ئێران هەڵکەوتووە. ئەو سەردەم بەشێک لە دانیشتووانی ئاوایی کە نیگەرانی هەڵگیرسانی شەڕ بوون ناوچەکەیان چۆڵ کردبوو. لە مەودای نێوانی شوێنی جێگربوونی گوردانی شوان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، نە خەڵک، نە هێزەکانی ئەرتەشی عێراق و نە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق حزووریان نەبوو. بەرزاییەکانی ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا بوون، بەجۆرێک کە هێزەکانی ڕژیم دەیانتوانی بە خۆمپارە و چەکی نیوەقورسی دیکە نائەمنی پێک بێنن. لەڕاستیدا بیارە بە هیچ پێوەرێکی نیزامی شوێنێکی گونجاو

نەبوو بۆ حەسانەوە و هێزگرتنەوەی پێشمەرگەکان.

نزیکەی حەوتوویەک بەرلە کارەساتی گوردانی شوان، هەم لەلایەن خەڵکەوە و هەم لەلایەن هاوڕێیانی خۆمان کە لە ناوچەکەدا بوون هەواڵ و ڕاپۆرت سەبارەت بە جموجۆڵی هێزەکانی ڕژیم بە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و ڕوونووسەکەی بە کۆمیتەی ناوچەی سنە دەگەیشت کە باسی هێرشی ئیحتمالیی ڕژیم بۆسەر ناوچەکەیان دەکرد. گوردانی شوان و فەرماندەییەکەی لەم جمووجۆڵانە ئاگاداربوون و لە حاڵەتی ئامادەباشی تەواودا بوون. دوو ڕۆژ بەرلە کارەساتەکە هەواڵەکان باسیان لەوە دەکرد کە جمووجۆڵەکانی ڕژیم لە بەرزاییەکانی ناوچەکە زیاتر بووە و جاروبارە دەوروبەر و خودی پردی "زەڵم" واتە ڕێگای پەیوەندی بۆ پاشەکشە، خۆمپارەباران و تۆپباران دەکات.

بەیانیی ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەممە هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی فەرماندەی نیزامیی گوردانی شوان لەڕێگەی بێسیمەوە فەرماندەی نیزامیی تەشکیلاتی ناوچەی سنە ئاگادار دەکاتەوە کە هێزەکانی ڕژیم بەرەو بەرزاییەکانی شوێنی جێگیربوونی گوردانی شوان پێشڕەوییان کردووە. ئەگەرچی بەپێی بڕیار و قەراری پێشوو گوردانی شوان لەژێر فەرماندەیی ڕاستەوخۆی کۆمیتەی ناوچەی سنە و فەرماندەیی تەشکیلاتی سنەدا بوو، بەڵام هاوڕێ شۆکێ بە ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێی فەرماندەی نیزامیی تەشکیلاتی ناوچەی سنە (تیپی ١١ی سنە) بڕیاریان دا کە دەستبەجێ لە گوندی بیارە بڕۆنە دەر، بەڵکوو بتوانن لەڕێگەی پردی "زەڵم"ەوە بەرەو ناوچەی سەید سادق پاشەکشە بکەن. بەڵام لە نزیکیی ئەم ناوچەیە ئاگادار بوونەوە کە هێزەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی "بەرەی کوردستان"ی عێراق بەشێکی بەرین لە ناوچەکەیان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و پردی سەرەکی کە بۆ درێژەدانی ڕێگای خۆیان دەبوایە لێی تێپەڕن، لەلایەن ئەم هێزانەوە تەقاوەتەوە. لەگەڵ ڕووخانی ئەم پردە هیچ ڕێگایەک بۆ پاشەکشە بێجگەلە تێپەڕین لە ڕووباری سیراون نەمابووەوە.

هاوڕێیانی گوردانی شوان کە ناچار بوون بەرەو ڕووباری سیروان حەرەکەت بکەن، لە ماوەی ڕۆژدا بەناچار هەر لەو نزیکانە دەچنە ناو ئاوایی "عەنەب" و بەنهێنی چەند شوێنی مانەوە دەدۆزنەوە، تا بەڵکوو لەگەڵ تاریکبوونی هەوا ڕێگای پاشەکشە بەرەو ڕووباری سیروان دیاری بکەن. بەڵام مانەوەی ئەوان لەماوەی ڕۆژدا لەو شوێنە، هاوکاتە لەگەڵ بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە پێنج کیلۆمیتریی ئەوێ کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی گازە ژەهراوییەکان لە گشت ناوچەکە ژمارەیەک لە هاوڕێیان بەسەختی و ژمارەیەکیش تا ڕادەیەک مەسموم دەبن. هاوڕێیانی گوردانی شوان کە تا تاریکبوونی هەوا لەو شوێنە دەمێننەوە لەلایەن فەرماندەیی نیزامیی تەشکیلاتی تیپی ١١ی سنەوە ڕێنمایی دەکرێن کە بەرەو ڕووباری سیروان حەرەکەت بکەن تا لەڕێگەی ئەو بەلەمانەی کە پێشتر ئامادە کرابوون لە ڕووبارەکە بپەڕێنەوە. یەکێک لە گرفتە جیددییەکان بۆ ئەم هاوڕێیانە ئاشنانەبوونیان لەگەڵ ناوچەکە بوو، کە ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەیکە مەودایەکی کورت لەماوەیەکی زۆردا بپێون. هاوڕێیانی گوردانی شوان مەسیری دوو سەعاتە بۆ ڕووباری سیروانیان بە نزیکەی ٧ سەعات پێوا و سەرەنجام بەداخەوە نەیانتوانی بگەنە شوێنی دیاریکراو.

هاوکات لەو بەری دیکەی ڕووبارەکەوە، چەند واحیدێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی ١١ی سنەوە و ژمارەیەک لە بەرپرسانی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە عێراق ئەنجام بدەن. بەڵام نزیکەی سەعات دووی دوای نیوەڕۆ هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی فەرماندەی گوردانی شوان لەڕێگەی پەیوەندییەکەوە هاوڕێیان ئاگادار دەکاتەوە کە دیدەبانەکان دەڵێن کە ژمارەیەک کەسی چەکدار بەخێرایی لە شوێنی ئێمە نزیک دەبنەوە و چەند دەقیقە دواتر ڕایدەگەیەنێت کە دیدەبانەکان و واحیدەیەک لە گوردانی شوان کە لە کەمیندا بوون دەرگیر بوون. زۆر ناخایەنێت کە هەموو هاوڕێیانی



دڵسۆزانە و بێسەبرانە هەوڵیان دەدا تا لە هەر ڕێگەیەکەوە بووبێت پێداویستییەکانی دەربازکردن و پەڕاندنەوەی هاوڕێیانی گوردانی شوان لە ڕووباری سیروان دابین بکەن. لەو بارووددۆخەدا بە مەبەستی پەیوەندی و یارمەتیدانی زیاتری هاوڕێیان، بەلەمێک بە ٥ سەرنشینەوە لەوانە هاوڕێیەک کە ئاشنایی کاملی لەگەڵ ناوچەکە هەبوو بەرەو ئەو بەری ڕووبارەکە دەنێردرێ. بەڵام پێش ئەوەی ئەم بەلەمە بگاتە لێواراوەکان، دەکرێتە ئامانجی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. بەلەمەکە تێکدەشکێت و ٤ کەس لە هاوڕێیان گیانیان بەخت دەکەن و یەکێشیان لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە بەدیل دەگیرێ.

کاتێک هاوڕێیانی واحیدی کۆمەکی ئاگادار دەبنەوە کە بەلەمەکە تووشی دەرگیری بووە و نەیتوانیوە بە سەلامەت خۆی بگەیەنێتە ئەوبەری دەریاچەکە، ئەمجارەیان هاوڕێیانی گوردانی شوان کە لەگەڵ ڕووناکبوونی هەوا نەیانتوانیبوو ڕێگایان بەرەو ڕووباری سیروان درێژە بدەن و لەناو پۆلێک داردا پەنایان گرتبوو، ڕێنماییان دەکەن کە لەگەڵ تاریکبوونی هەوا خۆیان بگەیەننە خاڵێکی دیکە لە لێواراوەکە تا لەوێوە بەو بەلەمانەی کە ئامادە کرابوون عەمەلیاتی گواستنەوە و پەڕاندنەوەی هاوڕێیان لە ڕووبارەکە لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا گوردانی شوان دەرگیری شەڕ دەبن. دوای تێپەڕینی نزیکەی بیست دەقیقە و لەگەڵ دوایین قسەکانی هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی کە خەریکی ئەمری فەرماندەهی بوو، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی گوردانی شوان بۆ هەمیشە دەپچڕێت.

بەرەبەرە و لەگەڵ تێپەڕینی کات مەعلووم بوو کە هاوڕێیانی گوردانی شوان لەو بارووددۆخە یەکجار سەخت و دژوارەدا بەتایبەت لەبەر مەسموم بوونی ژمارەیەک لە هاوڕێیان بەهۆی بۆمبارانی شیمیاییەوە، نەیانتوانیبوو خۆ بگەیەننە لێواری دەریاچەی سیروان و شوێنی دیاریکراو و هەربۆیە لەناو قامیشەڵانەکانی دەوروبەری دەمێننەوە. لەو کاتەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە بەلەمەکانی یارمەتیدان دەبینن، بەوە دەگەن کە ڕەنگبێ واحیدێک لە هاوڕێیان لەو ناوچەیەدا گیریان کردبێ. بەو هۆیەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هێزەکانی دوژمن لە دەوروبەری شوێنی جێگیربوونیان کۆدەبنەوە و پاشان لەگەڵ هاوڕێیانی گوردانی شوان تووشی تێکهەڵچوون دێن و ئەو کارەساتە دەخولقێت. بەمجۆرە خوێنی هاوڕێیانی گوردانی شوان لەگەڵ خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی ستەملێکراوی هەڵەبجە تێکەڵ بوو کە لە ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەممەدا بەهۆی بۆمبارانی شیمیایی

ڕژێمی فاشیستی عێراق گیانیان بەخت کردبوو و لاپەڕەیەکی دیکەی بە مێژووی پڕ لە جەنایەتی حاکمانی سەرمایە زیاد کرد.

لە جەرەیانی ئەم کارەساتە سەخت و دڵتەزێنەدا کە لە ٢٦ی ڕەشەممە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا ڕوویدا، ١٢ کەس لە هاوڕێیانی گوردانی شوان لە لایەن دوژمنەوە بەدیل گیران. ١١ کەسیان پاش چەند مانگ ئەشکەنجەی فراوان و موقاوەمەت و خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەشکەنجەدەران و دیفاع لە ئامانجە کۆمۆنیستییەکانیان، سەرەنجام لە جەرەیانی کوشتار و قەتڵوعامی سەرتاسەریی بەندکراوانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا لە زیندانی سنە ئێعدام کران. ٢ کەس لە هاوڕێیانی گوردانی شوان کە گیانیان بەسڵامەت بەدەر بردبوو بەیارمەتیی خەڵکی ناوچەکە دەرباز کران. لەو



کارەساتەدا، سەرجەم ٦٨ کەس لە ئازیزترین هاوسەنگەرانمان گیانیان بەخت کرد. ئەو هاوڕێیانە لە زومرەی لایەقترین ئەندامان و کادەرکانی پێشڕەوی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون کە لە جەرەیانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و یان ساڵەکانی پێشتر هاتبوونە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ ئامانجی ڕزگاری کرێکاران و بێبەشان و دامەزراندنی دونیایەکی بێ ستەم و چەوسانەوە و بێ عەداڵەتی و بە دروشمی "بژی سۆسیالیسم" گیانی ئازیزیان بەخت کرد.

ناوی گوردانی شوان لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران و چالاکییەکانی کۆمەڵەدا هەتا بەئەمرۆ، وەبیرهێنەرەوەی بوێری و خەباتکاری بووە و دەشبێ. ڕێباز و ڕەوشت و هەڵسووکەوتی سەمیمانە و شۆڕشگێڕانە و گیانفیدایی و خەباتی لێبڕاوانەی ئەم گوردانە ڕەزمەندەیەی کۆمەڵە، لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران دژبە دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایە، لە ئێران جێکەوتووە. لە ٣٦مین ساڵیادی گیان بەختکردنی ئەم هاوڕێیانەدا، یاد و بیرەوەریی هەر هەموویان وێڕای نوێ کردنەوەی پەیمانی وەفاداربوون بە ئامانجەکانیان لەگەڵ یادی هەموو گیان بەختکردووانی ڕێگای سۆسیالیسم بەرز ڕادەگرین. لەو ڕۆژەدا، بۆ جارێکی دیکە سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە و کەسوکاری ئەم هاوڕێیانە کە لەماوەی ئەو ساڵانەدا بە تەحەمولی ڕەنجی لەدەست دانی ڕۆڵەکانیان، بوونەتە مایەی دڵگەرمی و ئومێدواریی زیاتری ئێمە بۆ خەبات و درێژەدانی ڕێگای ئازیزانیان.

***

## یادی کۆمۆنی پاریس لە ناخی چینی کرێکاردا زیندووە

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی مانگی مارس ساڵڕۆژی کۆمۆنی پاریس یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاری جیهان لە وڵاتی فەڕانسەیە. کارڵ مارکس کتێبی "شەڕی ناوخۆیی فەڕانسە"ی لە وەسفی کۆمۆنی پاریسدا بەم ڕەستە ماندگارانە دەستپێکرد: "بەیانی ١٨ی مارس، پاریس بە دەنگی برووسکەئاسای، بژی کۆمۆن وەخەبەر هات. کرێکارانی پاریس لە نێو سستی و خیانەتی چینی دەسەڵاتدار بەوەگەیشتن کە کاتی دەست بەکاربوون بۆ ڕزگاربوون و بەدەستەوە گرتنی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات هاتووە. کاتێك کۆمۆنی پاریس دەسەڵاتی شۆڕشی بەدەستەوە گرت، کاتێك بۆ یەکەم جار کرێکارانی ئاسایی باوەڕیان بەخۆ کرد کە دەتوانن هێرش بکەنەسەر بەرژەوەندی دەسەڵاتداران، لەو کاتەدا دونیای کۆن بە بینینی ئاڵای سوور، سەمبۆلی حکوومەتی کرێکاری کە بەسەر شارەداری دەشەکایەوە، لە تووڕەیی و نفرت کەوتبووە لەرزین. ئەم کرێکارە ئاساییانە لە بارودۆخێکی بێوێنە و لەژێر فشاردا، بە لێبوردوویی و دڵسۆزی و بە شێوەی کاریگەر کارەکەیان بە سەرئەنجام گەیاند."

کۆمۆنی پاریس ڕووداوێکی کتوپڕ و بەبێ ڕەخساندنی بوار نەبوو. ئەم ڕووداوە ڕیشەی لە دەورەی شۆڕشی ساڵەکانی ١٨٤٨ تا ١٨٥١، کە خەباتی بەرینی کرێکاران، سەرجەم وڵاتانی ڕۆژئاوای ئۆرووپای گرتبووە بەر و هەروەها خەباتی کرێکارانی فەڕانسە لە ماوەدای ساڵەکانی ١٨٥٧ تا ١٨٦٩ بوو. شکستی یەک لە دوای یەکی ئەرتەشی فەڕانسە لە شەڕ لەگەڵ پڕۆس لە مانگەکانی بەر لە سەرهەڵدانی کۆمۆنی پاریس، کۆمەڵگای بەرەو شۆڕش پاڵ پێوەنابوو. "ئۆکۆلۆف"، بەرپرسی کاروباری باڵیۆزخانەی ڕووسیە لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٨٧٠لە ڕاپۆرتێکدا کە سەبارەت بەم دەورەیە و بارودۆخی سیاسی فەڕانسە بە پترسبۆرگی داوە، دەنووسێ: "لە هەر ساتێکدا ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕش لەئارادایە". "لۆرد لاینز" باڵوێزی بریتانیاش لە شەشی ئاگۆستدا ڕایدەگەیەنێت کە "بنەماڵەی بناپارت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕووخانی دەسەڵاتیان نزیکتر دەبنەوە". هەروەها یەکێک لە مێژوونووسانی ئەم قۆناغەش باس لەوە دەکات کە: "لە پاریس بۆنی شۆڕش لە هەوادا هەستی پێدەکرا".

شکستی ئەرتەشی بورژوازی فەڕانسە لە شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی پڕۆس کە تا دەروازەکانی پاریس پێشڕەوی کردبوو، وەك چەخماخەیەك بوو کە ئاگری تووڕەیی کرێکاران و خەڵکی پاریسی بڵێسەدار کرد. جەماوەری کرێکاران و خەڵکی بێبەشی پاریس کە ڕاپەڕیبوون، دەوڵەتی بورژوازیان لە فەڕانسە دەرکرد و خۆیان ئەرکی بەرگری لە شاریان لە بەرامبەر داگیرکەران گرتە ئەستۆ. دەوڵەتی فەڕانسە کە تا دوێنێ لەگەڵ دەوڵەتی پڕۆس شەڕی دەکرد، بە هاوکاری ئەرتەشی پڕۆس لەدژی کرێکارانی ڕاپەڕیو و لەڕێگەی بەرنامەڕێژی و فێڵ و تەڵەکە لە هەنگاوی یەکەم دا، پڕۆسییەکان ٦٠ هەزار ئەسیری شەڕی فەڕانسەیان ئازاد کرد و لە ئێختیاری دەوڵەتی هەڵاتووی فەڕانسە قەراریان دا و لە ڕێکخستنەوەی ئەرتەشی شکست خواردوو، هاوکارییان کرد. سەرئەنجام دەوڵەتی بۆرژوازی فەڕانسە بە هاوکاری ئەرتەشی پڕۆس هێرشیان کردە سەر پاریس. کۆمۆنارە قارەمانەکان تا دوایین هەناسەیان، خۆڕاگری بوێرانەیان دەست پێکرد، بەڵام سەرئەنجام پاش چەند ڕۆژ شەڕ و تێکهەڵچوونی لە بواری نیزامیدا نابەرابەر، شکستیان خوارد. لە ماوەیەکی کورتدا ١٧ هەزار کرێکار لە خیابانەکانی پاریس کۆمەڵکوژ و بە هەزاران کەس ئێعدام




کران. بەمجۆرە بورژوازی فەڕانسە تۆڵەی خۆی لە کرێکارانی ڕاپەڕیو کردەوە و یەکەم ئەزموونی شۆڕشی کرێکارانی جیهان شکستی خوارد.

کۆمۆنی پاریس، ئەوەڵین حکوومەتی کرێکاری لە جیهان و خۆلقێنەری دەوڵەتێك بوو کە ئەگەر سەرکەوتنەکەی بەردەوام بوایە چینی کرێکار ئەیتوانی هەنگاوەکانی دواتر بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی قورستر هەڵبگرێت. کۆمۆن شێوەیەکی مێژوویی و تایبەت لە دەوڵەت بە پێوەری تایبەت بوو. چاوخشاندنێك بەسەر گۆشەیەك لە پەسەندکراوەکان و هەوڵەکانی کۆمۆن دەرخەری پێکهێنانی هەڵسووکەوتی نوێ کۆمەڵایەتی بوو کە لە درێژەدا دەتوانێت ببێتە ڕزگاریدەری مرۆڤایەتی لە بەربەرییەتی نیزامی سەرمایەداری.

بە فەرمانی کۆمۆن ئەرتەشی حیرفەیی هەڵدەوەشێتەوە و کاروباری نیزامی دەکەوێتە دەستی خەڵکی چەکدار. ڕاگەیەندرا کە زەوی هی ئەو کەسەیە کە لەسەری کار دەکات. ئامرازی بەرهەمهێنان هی کرێکارانە و کار مافی سرووشتی هەموو خەڵکە. حقووقی زۆری کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت دەبێ نەمێنێت. زۆرترین حقووق نابێت لە حەقدەستی کرێکارێکی لێهاتوو زیاتر بێت. دادوەری و کاربەدەستانی باڵای ئیجرایی هەڵبژێرداو دەبن و هەرکات کە زۆرینەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەبێ لابچن. سزای ئێعدام هەڵدەوەشێندرێتەوە و دەزگای گیوتین لە بەرچاوی خەڵك دەسووتێندرێ. بناغەی

خوێندنی بەخۆڕایی دادەمەزرێت. هەڵوەشاندنەوەی هەموو کلیساکان و زەوتکردنی داراییەکانیان لەلایەن کۆمۆنەوە پەسند دەکرێت. گشت یارمەتییە داراییەکانی دەوڵەت بە کلیسا ڕادەگیرێ. ئائین وەك ئەمری تاکەکەسی کەسەکان ڕادەگەیەندرێت. خوێندنگاکان لە ژێر کۆنترۆڵی کڵێسا ڕزگار دەکرێن و دادپەروەری و پەروەردە لە ئایین جیا دەکرێنەوە و دادوەرەکان هەڵدەبژێردرێن. کاری شەوانەی نانەواخانەکان قەدەغە دەکرێت. حقووقی کارمەندانی کۆمیسیۆنەکانی کۆمۆن بەئەندازەی حقووقی کرێکارانی نانەواییەکان دیاری دەکرێت. لە سیستەمی ئیداریی کۆمۆندا، بەشی پۆلیس لەبری ئەوەی بریکاری حکومەتی ناوەندی بێت، دەکرێتە ئۆرگانێک کە خزمەت بە خۆشبژێوی وئاسودەیی خەڵک دەکات و هەموو ئەرکە سیاسییەکانی ئەم ئیدارەیە هەڵدەوەشێنەوە. هەروەها بەرپرسانی بەشی پۆلیسیش دەکرێ لە پۆستەکەیان



لابردرێن. کۆمۆن ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە، پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕادەگەیەنێت. کۆمۆن ئەو دامەزراوانەی کە خاوەنەکانی لە پاریس ڕایانکردووە، ڕادەستی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان کە لە کارخانەکاندا پێکهاتوون دەکات.

پێکهاتەی دەوڵەتی کۆمۆن لەگەڵ هەموو دەوڵەتەکانی پێشوو جیاوازی هەیە. کۆمۆن لە کەسانێك پێك دێت کە لە گەڕەکە جۆراوجۆرەکان لە سەرەوە تا خوارەوە هەڵبژێردراون. کومیتەی ناوەندی کۆمۆنی پاریس ٨٣ ئەندامی هەیە و بە پێی حوکمی یاسای پەسەندکراو، هەرکات دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەکرێت و دەتوانیرێت هەرکامیان لەسەر کار لابردرێن. ئەم کومیتەیە هەم یاسادارێژەرە و هەم بەڕێوەبەری یاسایە.

بێهۆ نەبوو کە لێنین لە ڕێبەرانی شۆڕشی کرێکاریی ڕووسیە، لە ساڵی ١٩١١ لە بابەتێکدا بەبۆنەی چلەمین ساڵڕۆژی کۆمۆنی پاریس دەنووسێ: "یاد و بیرەوەریی خەباتی کۆمۆنی پاریس نەک هەر بۆ کرێکارانی فەڕانسە بەڵکوو بۆ پرۆلێتاریای سەرتاسەری جیهان ئازیز و بەڕێزە. چونکە کۆمۆن تەنها لەپێناو چەند خواستی بچووکی مەحەلی یان نەتەوەیی نەبوو، بەڵکوو هەوڵێک بوو بەئامانجی ڕزگارکردنی یەکجاریی هەموو ئینسانێکی زەحمەتکێش و چەوساوە ... گرمەی تۆپەکانی پاریس، دواکەوتووترین توێژەکانی پرۆلێتاریای لە خەوی قووڵ ڕاچڵەکاند و لە هەموو شوێنێک گڕوتین و حەرەکەتێکی تازەی بە تەبلیغاتی شۆڕشی سۆسیالیستی بەخشی. هەربۆیە ئاسەوار و کاریگەری کۆمۆنی پاریس نەک هەر لەناو نەچووە، بەڵکوو هەتا بە ئەمڕۆش لە ناخی هەرکام لە ئێمەدا زیندوویە."

کۆمۆنی پاریس هەرچەند زیاتر لە ٧٢ ڕۆژ حکوومەتی نەکرد و بورژوازی لە خەڵتانی خوێندا شکستی پێ هێنا، بەڵام خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و هەروەها دەرس و ئەزموونەکانی، دەستکەوتی چینی کرێکارە لە شەڕە چارەنووس سازەکاندا کە هێشتا لە ئاسۆی خەباتی چینی کرێکاردا قەراری گرتووە. یادی کۆمۆنی پاریس لە ناخی چینی کرێکاردا زیندووە. ئەمڕۆ لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیرانی نیزامی سەرمایەداری جیهانی و لە جەرگەی بەربەریەتێکدا کە بەسەر زۆربەی دانیشتووانی گۆی زەویدا سەپاوە، زەروورەتی یەکگرتن و هاوپشتی کرێکاران، و پشتیوانی نێونەتەوەیی پرۆلێتاریای سەرانسەری جیهان لە خەبات دژبەم بارودۆخە دژەئینسانییە سەد هێندە بووە. لە ١٥٣مین ساڵڕۆژی پێکهاتنی کۆمۆنی پاریس یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاریی جیهان، پێویستە وێڕای فێربوون لە دەرس و ئەزموونەکانی، ڕیزی خەباتی کرێکاران دژبە نیزامی سەرمایەداری هەرچی زیاتر یەکگرتووتر و یەکپارچەتر بکەین.

***

## بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتە مەرگبارەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری دژبە کۆچبەران، پێویستە یەکگرتوو بین

ڕێکخراوی "ئێس ئۆ ئێسی مەدیتەرانە" ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٤ی مانگی ڕەشەمە بەرابەر لەگەڵ ١٤ی مارس ڕایگەیاند کە ڕۆژێک پێشتر ٢٥ کۆچبەریان لە دەریای ناوەڕاست ڕزگار کردووە و دوو کەسیان کە بێهۆش بوون بە هێلیکۆپتەر ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی سیسیل کردووە. بەوتەی ڕزگاربووان لانیکەم ٦٠ کەس لەوانە چەند منداڵ گیانیان لەدەستداوە. ڕێڕەوی دەریای مەدیتەرانە لەئاستی جیهاندا بە یەکێک لە "مەرگبارترین" ڕێگاکانی کۆچکردن دەناسرێت. تەنها لەماوەی دوو مانگ و نیوی سەرەتای ئەمساڵدا، بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی کۆچبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٢٦کەس لەم ڕێگایەدا گیانیان لەدەستداوە یان بێسەروشوێن بوون.

هەواڵی ئەم کارەساتە مەرگبارە لە حاڵێکدا بڵاودەکرێتەوە کە بەپێی ئاماری ٦ی مارسی ئەمساڵی پڕۆژەی کۆچبەرانی بێسەروشوێن کە سەربە ڕێکخراوی جیهانی کۆچبەرانە، لە ساڵی ٢٠٢٣دا لانیکەم ٨ هەزار و ٥٦٥ کەس لە مەسیرەکانی کۆچکردندا لە سەرانسەری جیهان گیانیان لەدەستداوە. ئەم ئامارە چوونەسەری٢٠ لەسەدی مەرگی کۆچبەران نیشان دەدات و بەمجۆرە ساڵی ٢٠٢٣ وەک مەرگبارترین ساڵ لە مێژوودا تۆمار دەکرێت. پڕۆژەی کۆچبەرانی بێسەروشوێن کە لە ساڵی ٢٠١٤دا دامەزراوە لە کاتی دامەزرانییەوە هەتا ئێستا واتە لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٦٣ هەزار مردن و بێسەروشوێن بوونی کۆچبەرانی تۆمار کردووە. بە بەراوردی ئەم ڕێکخراوە ئامارە واقعییەکان لە ژمارەی ڕاگەیەندراو زیاترن. هۆکارەکەشی کێشە و بەربەستەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە. بۆ نموونە ئەو کەسانەی بێسەروشوێن دەبن و بەلەمەکانیشیان نادۆزرێتەوە، لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێن. بەپێی ڕاپۆرتەکان تێپەڕگەی مەدیتەرانە یەکێک لە مەرگبارترین ڕێگاکانی کۆچبەرانە. ژمارەی قوربانییانی ئەم مەسیرە لە ساڵی ٢٠٢٢دا دوو هەزار و ٤١١ کەس بووە و لە ساڵی ٢٠٢٣دا گەیشتووەتە سێ هەزار و ١٢٩ کەس. لە ساڵی ٢٠١٦دا کە ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەران لە ئەفغانستان و سووریەوە بەرەو ئورووپا ڕۆیشتن، مەرگی ٥ هەزار و ١٣٦کۆچبەر تۆمارکرا. بەپێی هەر ئەم ڕاپۆرتە زۆرترین ژمارەی مردن لەماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا لە ئاسیا بووە



کە ژمارەیان ٢ هەزار و ١٣٨ کەس بووە. لە ئەفریقاش هەزار و ٨٦٦کەس کە ژمارەیەکی بێوێنەیە، لە سەحرا و لە مەسیری دەریایی بەرەو دوورگەی قەناری گیانیان لەدەستداوە.

ئەم بارودۆخە کارەساتبارەی کۆچبەران و پەنابەران لەحاڵێکدایە کە شایەدی پەرەسەندنی ئاراستەی دژەپەنابەری و بێگانە هەراسیی هێزە ڕاستەکان و ڕاستە توندڕەو و فاشیشتەکان لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاین. دەوڵەتان و چینی دەسەڵاتداری سەرمایەدار لەم وڵاتانە بەرەوڕووی قەیرانی یەک لە دوای یەکی ئابووری و گەشەی خەباتی کرێکاران لە ئورووپا و ئەمریکا دژبە بارودۆخی سەختی کار و ژیانن و وڵامێکیان بۆ ئەم قەیران و هەژاری و گرانییە نییە. لەم ڕووەوە فریوکارانە باس لەوە دەکەن کە هۆکار و سەرچاوەی خراپتربوونی بارودۆخی ژیانی کرێکاران نەک سیاسەتی دژەکرێکاری ئەوان، بەڵکوو پەنابەران و کۆچبەرانی ئەم وڵاتانەن. ئەم دەوڵەتانە هەر بەم سیاسەتە ڕیاکارانەیە هەموو ڕێگا ئەمنەکانیان بەرەوڕووی پەنابەران بۆ گەیشتنیان بۆ ئەم وڵاتانە بەستووە. دەسەڵاتدارانی قەڵای "ئورووپا" ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە پەرەپێدانی دیوار و تەلدڕوو و کەمپی نامرۆڤانە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان، کۆچبەرانێکی زیاتر بەرەوڕووی مەرگ و توندوتیژی دەکەنەوە. سیاسەتی دژەکۆچبەری دەوڵەتانی ئورووپا، سیاسەتی کوشتنی بەئەنقەستە بۆ ڕێگریکردن لە ڕاکردنی پەنابەران لە چنگ ئەو شەڕ و وێرانی و بێ ئاسۆییەی کە

سەرچاوەکەی هەر ئەم دەسەڵاتانەی سەرمایەدارین.

سیاسەتمەداران و میدیاکانی سەرمایەداری هەوڵ دەدەن قەیرانی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان بخەنە ئەستۆی کۆچبەران و پەنابەران و ئەوان بکەنە قوربانی. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە کۆچبەران و پەنابەرانن کە قوربانی سیاسەتی ئیمپریالیستی و شەڕخوازی دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەدارین. کۆچکردنی بەکۆمەڵ لە وڵاتانی هەژار و شەڕلێدراو ئاکامی سیاسەتی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری و ئیمپریالیستی بەتایبەت حکوومەتی ئەمریکایە. ئەم دەسەڵاتانە بە پەرەپێدانی شەڕ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان، بە دەخاڵەتی سیاسی و نیزامی لە کاروباری وڵاتانی دیکە و بە پشتیوانی کردنیان لە حکوومەتە کۆنەپەرستەکان، بە وێرانکردنی ژینگە و بە لەناوبردنی ئیمکاناتی کشاوەرزی و ژینگەیی لە زۆرێک لە شوێنەکانی جیهان، بە داسەپاندنی سیاسەتی ئابووریی سەخت و زاڵمانە لەڕێگەی ناوەندە ماڵییەکانی خۆیان لەوانە بانکی



جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو، ژیانیان بۆ زۆربەی مرۆڤایەتی بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین کردووەتە جەهەنەمێکی گەورە.

ئەگەرچی ئەم سیاسەتمەدارانە فریوکارانە کۆچبەران بە سەرچاوەی کێشەی خانوو و بێکاری و هاتنەخواری ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا کەمبوونی خزمەتگوزاری گشتی و هەژاری و گرانی ئاکامی ڕاستەوخۆی بەرنامە و سیاسەتەکانی چینی دەسەڵاتدار لەم کۆمەڵگایانەیە. ئەوان هاوکات لەگەڵ هێنانەخواری ماڵیاتی دەوڵەمەندەکان و دانی یارانەی چەند ملیارد دۆلاری بە بانکەکان و شیرکەتە گەورەکان بۆ دەربازکردنیان لە قەیران و هاوکات لەگەڵ بردنەسەری تێچووی تەسلیحاتی و نیزامی، هەزینە کۆمەڵایەتییەکانیان دێننە خوارێ و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕادەگرن. لەلایەکی دیکەوە هەر ئەم سەرمایەدارانە و دەوڵەتەکانیان بە کەڵک وەرگرتن لە کاری هەرزانی کۆچبەران و بە داسەپاندنی بارودۆخی دژواری کار، هێرش دەکەنە سەر ئەو دەستکەوتانەی کە چینی کرێکاری ئەم وڵاتانە بە خەباتی سەد ساڵەیان دەستەبەریان کردووە و لەم ڕێگەوە دەستکەوتەکانیان خسوونەتە بەردەم لەناوچوون. ئەم دەوڵەتانە بە هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووکردنەوەی چینی کرێکاری ئەم وڵاتانە بەرانبەر بە کرێکارانی کۆچبەر و بە پەرەپێدانی هەستی دژەکۆچبەری، ڕێگای بەدەسەڵات گەیشتنی هێزە فاشیست و ڕاسیستەکان هەموار دەکەن.

ئەو دروشم و ڕق و کینەیەی کە لەلایەن هێزە ڕاست و توندڕەو و فاشیستەکانەوە لە دژی پەنابەران و کۆچبەران پەرەی پێدەدرێ، لە ڕاستیدا وەڵامی چینی دەسەڵاتدار بۆ سەرهەڵدانەوەی خەباتی کرێکاری لە جیهان بەتایبەتی لە ئەورووپا و ئەمریکایە. ئەم هێزانە بە ژەهراویکردنی کەشوهەوای کۆمەڵگا و بە هاندانی هەستی ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستانەی کۆمەڵگا، هەوڵ دەدەن بەر بە پەرەسەندنی نارەزایەتی خەڵک بگرن و نەهێڵن شەپۆلی ڕوو لە گەشەی خەباتی کرێکاران ببێتە قەیران بۆ نیزامی پرتووکاوی سەرمایەداری. بەڵام بێگومان کرێکاران لەم وڵاتانە بەوە گەیشتوون کە هەم ئەوان و هەم کۆچبەران و پەنابەران قوربانی یەک سیاسەتن و ئەویش سیاسەتی شەڕخوازانە و چەوسێنەرانە و تاڵانکەرانەی دەوڵەتانی سەرمایەدارییە. خۆپیشاندانی ملیۆنی خەڵک لە ئورووپا و ئەمریکا بەدژی کوشتاری خەڵکی فەلەستین لە غەززە لەلایەن دەوڵەتی فاشیست و تاوانکاری ئیسرائیل، خۆپیشاندانی ملیۆنی خەڵکی ئاڵمان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە بەدرێژایی چوار هەفتە دژبە سیاسەتەکانی حیزبی "ئاڵتێرناتیڤ بۆ ئاڵمان" کە لەڕاستیدا تەنها دژبەم حیزبە نەبوو بەڵکوو بەرانبەر بە سیاسەتە دەستی ڕاستییەکانی گشت حکوومەت بوو، هەروەها نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئورووپا و ئەمریکا لەوانە فەرانسە، ئاڵمان، فنلاند و ویلایەتە یەکگرتووەکان دژبە سیاسەت و هەوڵی دژەکرێکاری دەوڵەتەکان و بەرانبەر بە زەوتکردنی دەستکەوتە ئابووری و دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگا، هەر هەموویان نیشانەی ئەوەیە کە کرێکارانی ئەم وڵاتانە دەزانن کە دوژمنی ئەوان و سەرچاوەی سەرەکی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان هەر ئەم سەرمایەدارانە و دەسەڵاتەکانی پشتوانیان نەک کۆچبەران و پەنابەران. ئەوان دەزانن کە ژانی هاوبەش و بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەشیان لەگەڵ کۆچبەران هەیە و لەم ڕووەوە بەبێ بایەخدان بە دروشمی دژەکۆچبەری هێزە دەسەڵاتدارەکان، خەباتی خۆیان دژبە شەڕ و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان هاوکات بەڕێوەدەبەن.

***

## بۆ یادی گیان بەختکردووانی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ۱۹۸۸

### ئەو دەوڵەتانەی چەکی شیمیاییان خستە ئیختیار ڕژیمی جەنایەتکاری سەدامەوە، ئێستا لە نەسلکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی غەززە پشتیوانی دەکەن

ڕۆژی ۲۵ی مانگی ڕەشەممە بەرابەر لەگەڵ ۱۵ی مانگی مارس ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجەیە لە لایەن ڕژیمی جەنایەتکاری بەعسی عێراقەوەیە. ۳۶ ساڵ لەمەوبەر لە گەرمەی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان ئێران و عێراقدا، شاری هەڵەبجە کەوتە بەر هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی عێراق کە هەڵگری گازی کوشندە بوون و لە ماوەی کەمتر لە چەند دەقیقەدا هەزاران منداڵ و پیر و لاو لە خەڵکی بێدفاعی ئەمشارە گیانیان بەخت کرد. هەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون و ساڵانێکی زۆریان لەگەڵ ئاسەواری ژاناویی ئەو گازە ژەهراویانە تێپەڕ کرد.

لە سەردەمی ڕووداوی ئەم کارەساتەدا، شەڕی کۆنەپەرستانە و دژەخەڵکی ئێران و عێراق لە هەشتەمین ساڵیدا بوو. هەموو بەڵگەکان نیشانیان دەدا کە ئەم شەڕە هەشت ساڵەیە خەریکە لە کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. نە خومەینی توانیبووی "ڕێگای قودس لە کەربەلا"وە بکاتەوە و ئیسلامی دڵخوازی خۆی دامەزرێنێ و نە سەدام حسێنیش توانیبووی لە ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر ڕژیمی ئێراندا،



ڕێگەی ڕێبەری ناسیۆنالیسمی جیهانی عەرەب بەدەست بێنێ. هەڵبەت ڕژیمی ئیسلامی لە لایەکەوە بە ئامانجی سەرەکی خۆی، واتە سەرکوتی شۆڕشی ئێران لەژێر سێبەری شەڕ گەیشتبوو و لە لایەکی دیکەشەوە لە بواری مادیەوە چیتر توانای درێژەی ئەو شەڕەی نەبوو. ئەرتەشی عێراقیش بێ توانا و پەککەوتوو و ماندوو بوو. شەڕی نەوتکێشەکان، هەناردەی نەوتی لە ناوچەی کەنداو لەگەڵ مەترسی جیدی ڕووبەڕوو کردبووەوە و درێژەی شەڕ، وەکوو ئەوەڵین ساڵەکان، بۆ سەرمایەی جیهانی قازانجی تێدا نەبوو. لە وەها بارودۆخێکدا کە هەر دووک لا کۆتایی شەڕیان پێ حەتمی بوو، بەدوای بەدەست هێنانی ئیمتیازەوە بوون تا دواتر لە سەر مێزی وتووێژ کەڵکی لێ وەرگرن. ئەوان بەو مەبەستە پێویستیان بە سەرکەوتنی کورت ماوە و خێرا بوو و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش لە ئەنجامدانی هیچ جەنایەتێک دەریغیان نەدەکرد. ڕژیمی بەعس دەستی بە چەکی شیمیایی ڕاگەیشتبوو و بە شێوەیەکی بەرین لە بەرەکانی شەڕ و هەروەها دژبە خەڵکی ئاسایی و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق کەڵکی لێوەردەگرت و ڕژیمی ئیسلامیش لە ئەنجام دانی هیچ جەنایەتێک دەستی نەدەپاراست.

پیلانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ ناوچەی هەڵەبجە لە وەها بارودۆخێکدا داڕێژرا. لەو دەورەیەدا هێزە سیاسی و

چەکدارەکانی کوردستانی عێراق، پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە نێوبژی کۆماری ئیسلامی کێشەکانی خۆیان وەلانا و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکهێنا. کۆماری ئیسلامیش ڕەزامەندی ئەو هێزانەی بۆ هاوکاری کردن لە هێرش کردنەسەر ئەو ناوچەیە، بەدەست هێنابوو. لە نیوەشەوی ٤٢ی ڕەشەممەدا هێرشی هاوبەشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرەی یەکگرتووی کوردستان بۆ ئەو ناوچەیە دەستی پێکرد. خەڵکی شاری هەڵەبجە و شار و گوندەکانی دەوروبەری کە کەوتبوونە ژێر گوشار و مەنگەنەی هێزەکانی هەردووک لاوە، بۆ پاراستنی گیانیان پەنایان بۆ ژێرزەمینی ماڵەکان بردبوو. ئەرتەشی عێراق



لە بەرامبەر هێرشی هاوبەشی ڕژیمی ئێران و بەرەی یەکگرتووی کوردستان نەیتوانی موقاومەت بکات و ناوچەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ڕژیمی ئێرانەوە. ڕۆژێک دواتر سەدام و ڕێبەریی حیزبی بەعس، لە حاڵێکدا کە تەنانەت سەربازەکانی خۆشیان بە تەواوی لە بەرەی شەڕ پاشەکشەیان نەکردبوو، فەرمانی جەنایەتکارانەی بۆمبارانی شیمیایی ناوچەکەیان دەرکرد. ئەو پەناگایانەی کە خەڵکی بێدفاع بۆ پاراستنی گیانیان، خۆیان تێدا حەشار دابوو، بە بڵاوبوونەوەی ئەو گازە ژەهراویانە بوون بە قەتڵگایەکی گەورە. نزیک بە ٥ هەزار منداڵ و پیر و لاو بەهۆی ئەم بۆمبارانە شیمیاییەوە گیانیان لەدەستدا. بۆمبارانی شیمیایی خەڵکی بێدیفاعی هەڵەبجە لە ڕیزی یەکەمی جینۆسایدەکانی مێژووی سەدەی بیستەمدا تۆمار کراوە.

بەڵام ڕژیمی بەعسی عێراق لە ئەنجامدانی ئەو جەنایەتەدا تەنیا نەبوو. دەوڵەتە ئەورووپاییەکان و لە سەرووی هەموانەوە دەوڵەتەکانی ئاڵمان و هۆڵەند و فەڕانسە کە ئەمڕۆ لە نەسلکوژی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین لە غەزە پشتیوانی دەکەن و ڕیاکارانە دڵیان بۆ دەسووتێنن، ئەوکات بۆ بەدەست هێنانی سوودە کەلانەکانیان، بە کۆمپانیەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان ڕێگەیان دابوو چەکی شیمیایی بدەنە دەوڵەتی عێراق. سەرەڕای پەیمانە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە قەدەغەبوونی بەکارهێنانی چەکی کوشتاری بەکۆمەڵ، دەیان کۆمپانیی ئاڵمانی، هۆڵەندی و فەڕانسەیی چەکی شیمیاییان بە ڕژیمی جەنایەتکاری سەدام فرۆشت. دەوڵەتی ئەمریکا کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی غەززە شەریکە و فریوکارانە سەنگی دیفاع لە خەڵکی ئۆکراین لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتی ڕووسیەدا لە سینگی دەدات، لە وردەکاری ئەم جەنایەتە و بەکارهێنانی گازی سارین، گازی ئەعساب و گازی خەردەل دژبە خەڵکی کوردستان ئاگادار بوو و ئاگاهانە پانتاییە واقعییەکەی لە بیروڕای گشتیی جیهان شاردەوە. بۆمبارانی شیمیایی خەڵکی هەڵەبجە بەرەورووی بێدەنگی سەرشۆڕانەی زلهێزەکانی سەرمایەداری و میدیاکانی سەر بەوان بووەوە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەیەکی زۆر لەو ناوچەیە نەمایەوە و پاشەکشەی کرد و هێزەکانی ڕژیمی بەعس دووبارە کۆنترۆڵی ناوچەکەیان گرتەوە دەست، بەڵام ئەو برینە قووڵ و بەژانەی کە لە لایەن ئەم جەنایەتکارانەوە لەسەر جەستەی خەڵکی ستەملێکراو و زەحمەتکێش درا، پاش تێپەڕینی ٣٦ ساڵ، ئێستاش سارێژ نەبووەتەوە. لە ٣٦مین ساڵهاتی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە و گیان بەختکردنی هەزاران کەس لە خەڵکی ئەمشارە و ناوچەکانی دەوروبەری، بۆ یاد و بیرەوەری هەموو ئەو ئینسانانە سڵاو و درورد دەنێرین. بە هیوای ڕۆژێک کە کۆمەڵکوژی و شەڕ و نائەمنی، ئەشکەنجە و زیندان، هەژاری و نابەرابەری، کە نیزامی سەرمایەداری هۆکار و پەرەپێدەریەتی، جێگای خۆی بداتە ئاشتی و ئازادی و ڕەفاه و یەکسانی ئینسانەکان.

***

## شەڕنانەوەی "حوسییەکان" لە ناوچەکە بەئامانجی سازان و موعامەلە

تاقمی ئیسلامی حوسی کە فەرمانڕەوایی بەشی باکووری یەمەن دەکات، ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی ڕەشەممە، بەرپرسیارەتی هێرشی مووشەکی بۆ سەر کەشتییەکی بارهەڵگری یۆنانی لە نزیک کەنداوی عەدەن (یەمەنی باشوور) ڕاگەیاند. ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزیش ئەم هەواڵەی پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی ئەم هێرشە مووشەکییەدا، دوو کەس لە خزمەتگوزارانی کەشتییەکە کوژراون و چوار کەسی دیکەش بریندار بوون. هەروەها چارەنووسی ٢٠ خزمەتگوزار و سێ پاسەوانی ئەم کەشتییە نادیارە. ئەمە لەکاتێکدایە سەرەتای هەفتەی ڕابردوو کەشتییەکی بارهەڵگری ئینگلیس کرایە ئامانجی هێرشە مووشەکییەکانی حوسییەکان و بەهۆیەوە نوقم بوو. ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر پیسبوونی ژینگەی ناوچەکە هەبوو. ڕۆژی سێشەممە ١٥ی ڕەشەممەش "سنتکام" ستادی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ڕایگەیاند کە مووشەکێکی بالستیکی دژی کەشتی و سێ درۆنی هاویشتراوی حوسییەکان بەرەو کەشتییەکی ئەمریکایان لە دەریای سوور بەرداوەتەوە. هەروەها سێ مووشەکی دیکە و سێ شناوەری سەتحیی حوسییەکانیان تەقاندووەتەوە. پێویستە بوترێ کە لە مانگی خەزەڵوەری ڕابردووەوە هەتا ئێستا حوسییەکان زۆر جار کەشتییە تیجارییەکانیان لە ناوچەی دەریای سوور و کەنداوی عەدەن کردووەتە ئامانج.

جموجۆڵی نیزامی حوسییەکان لە حاڵێکدا ئەنجام دەدرێت کە یەمەن یەکێک لە هەژارترین وڵاتانی جیهانە. بارودۆخی ئابووری یەمەن بەگشتی و لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی حوسییەکان بەتایبەتی یەکجار قەیراناوییە و خەڵکی ئەم ناوچەیە ساڵەهایە لە هەژاری و برسییەتی و کوشتار و نائەمنیدا بەسەر دەبەن. گرووپی ئیسلامی حوسی لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا بە هاندان و یارمەتی نیزامی و تەسلیحاتی ئامانجداری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی هەژاری یەمەنی لە باکووری ئەم وڵاتە لە شەڕێکەوە بردووەتە ناو شەڕێکی دیکەوە. ئەوان لە ساڵی٢٠١٤دا بە وەڕێخستنی شەڕی ناوخۆیی و بە شکستدانی دەوڵەتی گەندەڵی "عەبد ڕەبە مەنسوور هادی" کە لەلایەن



عەرەبستانی سعوودییەوە پشتیوانی لێدەکرا، سەنعا پایەتختی یەمەنیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و لە دوای ئەمەش لە شەڕێکی کۆنەپەرستانەی هەشت ساڵە لەگەڵ عەرەبستان، قەیرانی ئابووری و هەژاری و نەهامەتی و کوشتاری زیاتریان بەسەر خەڵکی بێبەش و ستەملێکراوی یەمەندا سەپاند. ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە بوو بەهۆی کوژرانی دەیان هەزار کەس و وێرانبوونی باقی ژێرخانە لاوازە ئابوورییەکانی یەمەن. ئەم شەڕە نیابەتییە دژەئینسانی و جەنایەتکارانەیە، لە سەرەتاکانی ئەمساڵدا لەگەڵ دەستپێکی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی و عەرەبستان بە نێوەندگیری چین، بەکردەوە خرایە پەراوێزەوە و کۆتایی هات.

بەڵام لەگەڵ داگیرسانی شەڕی ڕەگەزپەرستانەی ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە، حوسییەکان بەبیانووی بەرگری لە خەڵکی فەلەستین بەکردەوە چوونە ناو ئەم شەڕەوە. ئەوان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە بە هێرشی مووشەکی و درۆنی، کەشتییەکانی ئەمریکا و بریتانیا و ئەو کەشتییانە دەکەنە ئامانج کە لە کەنداوی عەدەن و باریکەی "بابولمەندەب" و دەریای سوور تێدەپەڕن و هاتوچۆی ئیسرائیل دەکەن. گرتنەبەری وەها سیاسەتێک ئەگەرچی ئاکامی بنبەست و داماوی حوسییەکان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە، بەڵام لە هەمان حاڵدا یاری کردن بە ئاگریشە. بێگومان ئەم هێرشانە بەسەرنجدان بە گرینگ بوونی ئەم ناوچەیە لەباری ستراتێژیکەوە بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی سەرمایەداری، بەرەورووی کاردانەوەی نیزامی ئەوان دەبێتەوە. هەرچەند هەتا ئێستاش هێرشی مووشەکی و درۆنی حوسییەکان بۆسەر کەشتی دەوڵەتانی

دیکەش بە بومباران و ڕێوشوێنی تۆڵەسەندنەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی وڵامی پێدراوەتەوە. ئاکامی شەڕنانەوەی حوسییەکان هەتا ئێستا سەرەڕای ئەوەیکە بووەتە هۆی لەناوچوونی بەندەر و پایەگا و ئیمکاناتی نیزامی حوسییەکان، بۆ خەڵکی هەژاری یەمەنیش ئاکامی یەکجار کارەساتباری بەدواوە بووە. هەروەها لەم دوایانەدا دەوڵەتی ئەمریکا دووبارە تاقمی حوسییەکانی خستووەتە لیستی تیرۆریستی خۆیەوە کە یەکێک لە ئاکامەکانی داسەپاندنی گەمارۆی زیاتر بەدژی ئەم گرووپە دەبێت. هەڵبەت دووکەڵەکەی لە دەرەجەی ئەوەڵدا دەچێتە ناو چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی یەمەنەوە.



ڕەوتی ئیسلامی و کۆنەپەرستی حوسییەکان بە چوونە ناو ئەم شەڕە وێرانکەرەوە بۆ جارێکی تر ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی خەڵکی یەمەنی خستووەتە بەردەم کوشتار و وێرانییەکی دیکەوە. بەرهەمی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتانە کە بە ڕاوێژ و ڕێنمایی و یارمەتی بێدەریغی دارایی و سەربازیی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دەدرێت، هەتا ئێستا بۆ کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی یەمەن بێجگەلە پەرەسەندنی هەژاری و فەلاکەت، بێکاری، کوشتار و نائەمنی شتێکی تر نەبووە. بە پێی ئاماری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی فریاگوزاری، ژیان و گوزەرانی زیاتر لە ٨٠%ی خەڵکی یەمەن بە ناردنی یارمەتییە مرۆییەکانەوە گرێدراوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە کۆمەکی تەسلیحاتی و نیزامی بێدەریغ بە حوسییەکان، بەردەوام ئەوانی لەپێناو ئامانج و بەرژوەندی ناوچەیی خۆی بەرەو داگیرساندنی شەڕ هان داوە. حکوومەتی ئیسلامی سەرەڕای ئیدیعای دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و بەڵێنی نابوود کردنی، لەماوەی پێنج مانگ شەڕی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی غەززە، هیچ هەوڵێکی دژبە ئیسرائیل ئەنجام نەداوە. بەڵام داماوانە و هەلپەرستانە هێرشی حوسییەکان بۆسەر کەشتییەکان لە ناوچەکە بە حیسابی خۆی و ئەوەیکە ناوی ناوە "میحوەری موقاوەمەت" پێناسە دەکات.


بەڵام حوسییەکان کەساڵەهایە لە بنبەستی سیاسی و ئابووریدا گرفتار بوون و لە پێکهێنانی هەرجۆرە ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنێک لە ئیدارەی کۆمەڵگا داماو و بێتوانان، ڕایانگەیاندووە کە بەردەوام هێرشەکانیان بۆسەر کەشتییەکان درێژە دەدەن. ئامانجی ئەوان لە درێژەی ئەم هێرشانە نەک پشتیوانی و داکۆکی لە خەڵکی بێدیفاعی فەلەستین لە بەرامبەر ئیسرائیل، بەڵکوو کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتێکە کە شەڕی غەززە بۆیانی فەراهەم کردووە. حوسییەکان دوو حەفتە دوای دەستپێکی شەڕی فاشیستی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی غەززە، هێرشی مووشەکی و درۆنییان بۆسەر کەشتییە تیجارییەکان لە دەریای سوور و کەنداوی عەدەن لەژێرناوی دیفاع لە خەڵکی غەززە دەستپێکرد. لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوان لەم هێرشانە، ناردنی پەیامە بۆ ئەمریکا و حکوومەتەکانی دیکەی ئەورووپا بۆ ئەوەی داوای بەشیان بکەن و لەگەڵیان موعامەلە و سازش بکەن. تا بەڵکوو لەم ڕێگەوە بتوانن بنبەست و قەیرانی ئێستای خۆیان کەم بکەنەوە و بۆ ماوەیەکی تر نیمچە دەسەڵاتی قەیران لێدراو و ئیفلاسی خۆیان لەسەر پێ ڕابگرن. ئەوە هەر ئەو سیاسەتەیە کە ساڵەهایە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی گرتوویەتە بەر. هەر بەم هۆکارە سەرەڕای ئیدیعای زاهیریی حوسییەکان سەبارەت بە پشتیوانییان لە خەڵکی غەززە لەڕێگەی هێرش بۆسەر کەشتییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس و هێرش بۆسەر ئەو کەشتییانەی کە کاڵا بەرەو ئیسرائیل دەبەن، لەم ماوەیەدا تەنها ئەو کەشتییانەیان کردووەتە ئامانج کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسرائیل و ئەمریکا و ئینگلیسەوە نەبووە. بێگومان هەروەک چۆن پەنابردن بۆ سیاسەتی شەڕخوازانە و فراوانخوازی نەیتوانیوە هەتا ئێستا قەیرانەکانی حکوومەتی ئیسلامی چارەسەر بکات، بۆ حوسییەکانیش سوودێکی نابێت. چونکە مانەوەی دەسەڵاتەکان نەک بە سیاسەتی شەڕخوازانە و تیرۆریستی لە ناوچەکە بەڵکوو لەڕێگەی چارەسەرکردنی قەیرانە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەوە زەمانەت دەکرێت. بێگومان ئەم بابەتەش لە توانای حکوومەتەکانی سەرمایەداری بەتایبەت لەجۆری ئیسلامیدا نییە.

❊❊❊

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بەبۆنەی نەورۆز و ساڵی تازە ١٤٠٣

بەهار، هێمای بووژانەوە و تازەبوونەوە و حەرەکەتی سرووشت لە کاتێکدا دێت کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای کوشتنی



بێ ئەژماری ئینسانەکان و تاڵانکردنی نانی سفرەی بێبەشان و داسەپاندنی خەم و پەژارە و ڕەنجی لەتاقەت بەدەر بەسەر خەڵکی ئێران نەیتوانیوە چاوترسێنیان بکات. بەڵکوو گڕوتین و هاوپشتیی خەباتکارانە و هیوا بۆ ژیانێکی باشتر بەردەوام لەناو دڵیاندا تەشەنە دەستێنێ. نەورۆز و ساڵی تازە لە حاڵێکدا دێت کە لە درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا، مانگرتن و ناڕەزایەتی شکۆمەندی کرێکاران، ڕەزمی خانەنشینان لەسەر شەقامەکان، شکست پێهێنانی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم، پێشەنگایەتیی ژنان لەم هەڵمەتانە و لە پاشەکشەپێکردن بە بریارکان وملهوری حکوومەت، بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە شکۆدارەکانی نەورۆز، هەر هەموویان هیوای ساڵێکی جیاواز و پڕ لە ئاڵوگۆڕی خستووەتە ناو دڵی هەموو ئازادیخوازان و جەماوەری خەڵکەوە. ئەگەر هاتنی بەهار نیشانەی توانەوەی سەهۆڵەکان و تێپەڕاندنی وەرزی سەرما و بەستەڵەکی زستانە، بەردەوامبوونی چالاکی و خەبات لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنەی کە لە هوشیاری جەماوەردا پێکهاتووە نیشانەی ئەوەیە کە تێپەڕین لە بەستەڵەکی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشبژێو لەسەر وێرانەکانی ئەم دەسەڵاتە مومکینە. ئەگەر بڕوانینە ئاوێنەی دوژمن، هێزی هاوپشتی و تەسلیم نەبوونی جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا دژبە زوڵم و زۆر و نابەرابەرییەکان لە سیمای قەیراناوی دوژمن، لە تەفرەقەیەک کە کەوتووەتە ناو ڕیزەکانیان و لەو ترس و لەرزەی کە لە جەستەی سەرانی ڕژیم نیشتووە، مژدەی سەرکەوتن لە ڕوخساری ترساوی دوژمنیشدا دەبیندرێ.

بەڵام بۆ سەرکەوتن و دامەزراندنی جیهانێکی نوێ دەبێ پێداویستییەکانی ئامادە بکەین. ئاخێزە سەرتاسەرییەکانی ساڵانی ڕابردوو و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا سەرەڕای هەموو گیانفیدایی و شکۆ و عەزەمەت و دەستکەوتەکانیان، نیشانیان دا کە بە بزووتنەوەی خۆڕسک، لە نەبوونی ڕێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە نەبوونی ڕێبەرییەکی سیاسی شۆڕشگێڕ و سەرتاسەری کە ئاسۆیەکی ڕوون لە مەسیری پێشڕەوی بخاتە بەردەم بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران، سەرکەوتن بەسەر دوژمن کارێکی سادە نییە. ئەم ئاڵوگۆڕانە و بەتایبەت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا زیاتر لە هەموو کاتێکی تر زەروورەتی سازماندان و پێکهێنانی ڕێبەری سیاسی و سەرتاسەری لەئاستێکی بەریندا بردووەتە ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

چینی کرێکاری ئێران سەرەڕای بەربەستی سەرکوت، هەژاری پێکهاتەیی و بێوێنە، نائەمنی پیشە و باقی بەربەستەکانی تر دەتوانێ بە پشت بەستن بە دەستکەوتی خەباتکارانەی هەتا

ئێستای خۆی بەسەر ئەم بەربەست و ئاستەنگانەدا زاڵ بێت. بوونی کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن، بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە گشتییەکان و هاتنە مەیدانی توێژێکی بەرین لە هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری بە ئاراستەی شۆرایی، زەرفیەتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بەربەستانە نیشان دەدات. بەشداری بەرچاوی ژنان لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خانەنشینان و مامۆستایان وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری و لە بزووتنەوەی خوێندکاری و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێکخستنی سەرتاسەری و ڕێبەری ئەم بزووتنەوانە نیشانەی زەرفیەت و توانای بەرینی بزووتنەوەی ژنانە لە بواری ڕێکخستندا. بزووتنەوەی ڕزگاری ژن لە مەسیری پێشڕەوی خۆیدا دەتوانێ هێزی مەزنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش بەشێوەی ڕێکخراو بێنێتە مەیدان. بزووتنەوەی خوێندکاری لە یەک دەیە و نیوی ڕابردوودا و بەتایبەت لەماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو گەلێک زەرفیەتی بەرچاوی لە بواری سازماندان و هاوپشتی لەگەڵ باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆی نیشان داوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە بەشداریی بەرچاوی خۆی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری، بوو بە چاو و چرای خەڵکی ئێران و بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە پایەکی سەرەکی هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە لە ئێرانە و پۆتانسیەلی ئەوەی هەیە کە هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕێکخراوتر بێنێتە مەیدان. گەشەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندی ئەم بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییانە دەتوانێ بەستێنەکانی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری ئێران ئامادە بکات. بێگومان هەتا کاتێک چالاکی و خەبات بەردەوام بێت و هیوا بۆ ئاڵوگۆڕ لەناو دڵاندا زیندوو بێت، سەرکەوتن لە ئاسۆ دایە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەورۆز و ساڵی تازە و ئەم بزووتنەوە پڕ لە سۆز و یەکگرتوویی و ژیانە، لە هەموو ئەو خەڵکانەی جێژنی بۆ دەگرن، لە بنەماڵەی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی، لەو دایکانەی کە تۆوی ئازادییان ناشت، لە زیندانیانی سیاسی کە بەندیخانەشیان کردووەتە سەنگەری خەبات لەدژی ڕژیمی جەهل و خورافەی سەرمایەی کۆماری ئیسلامی، پیرۆزبایی دەکات. دوور نییە ئەو ڕۆژەی لەگەڵ تێکەڵاوبوونی رووبارەکانی خەبات و شۆڕش، دەروازەی زیندانەکانی حکومەتی ئیسلامی سەرمایەداران لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە تێکبشکێت و زیندانیانی سیاسی لەگەڵ بنەماڵەکانیان و خەڵکی ڕاپەڕیو سەرکەوتن لە ئامێز بگرن و مزگێنیی ئازادی و یەکسانی و خۆشبژێوی هەموو ئینسانەکان بدەن.

پیرۆز بێت بەهار و ساڵی تازە

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٨ی ڕەشەممەی١٤٠٢

١٨ی مارسی ٢٠٢٤

***

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٣

**خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!**

بەبۆنەی هاتنی نەورۆز و وەرزی بەهار و ساڵی تازە گەرمترین سڵاو و پیرۆزبایی ئێمەتان پێشکەش. ساڵێکی پڕ لە خۆشی و سەرکەوتن بۆ هەمووتان ئاواتەخوازین. هیواداریـن ساڵی نوێ ساڵی سەرکەوتن بەسەر حکومەتی دژە ئینسانی کۆماری ئیسلامیدا بێت. جێی خۆیەتی بەم بۆنەوە بۆ جارێکی دیکە ڕێز بگرین لە یاد و بیرەوەریی هەموو لاوان و ژنان و پیاوانێ ئازیز کە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا لەپێناوی ئازادی و ڕزگاری لەلایەن ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لەسەر شەقامەکان خەڵتانی خوێن کران و یان لە



زیندانەکاندا ئێعدام کران. سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان و دڵنیایان دەکەینەوە کە یاد و بیرەوەری جگەرگۆشەکانیان بۆ هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە.

هاتنی نەورۆز و ساڵی تازە لە هەموو زیندانیانی سیاسی لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران پیرۆزبایی دەکەین. ئێوە خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز دەزانن کە ئەم ئازیزانە بەتاوانی دیفاع لە ئازادی و مافی ئینسانی خۆیان و هاوچارەنووسانیان لە بەندی حکومەتی ئیسلامیدا ئەسیرن. زیندانیانی سیاسی بەشێک لە پێشەنگانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەرین کە لەناو دڵی خەڵکی ستەملێکراو و بێبەشی کۆمەڵگادا جێگایان هەیە. بێگومان دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ پێشڕەوی و سەرکەوتنی شۆڕش، دەرگای زیندانەکانی ڕژیم لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە تێکدەشکێ و بەندکراوانی سیاسی وەک قارەمانانی ئازادی لە باوەش دەگیرین و بەشانازی و سەربەرزییەوە دەگەڕێنەوە لای بنەماڵەکانیان.

خەڵکی تێکۆشەر کوردستان!

پێشوازی ئەمساڵی ئێوە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و تێکۆشەری کوردستان لە نەورۆز لەئاستی دەیان هەزار کەسی لە شار و گوندەکانی کوردستان، دەست لەناو دەست و شان بەشانی یەک، بە سەما و شادی و هەڵپەڕین، بە لابردنی حیجابی ئیسلامی، گەلێک هەست بزوێن و سەرەنجڕاکێش بوو. ئەمە بەشێک لە نمایشی هێزی ئێوە بەرانبەر بە ڕژیمی جەهل و خورافەیە و نیشانەی گۆڕانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی خەباتی ئێوەی خەڵکە دژبە حکومەتی ئیسلامی. ڕێوڕەسمە جەماوەرییەکانی نەورۆز هەڵگری گەلێک پەیامی سیاسی و خەباتکارانە بوون. هەڵگری پەیامی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە هەتا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کە لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و لە ئاواز و سروودی شۆڕشگێڕانەدا ڕەنگی داوەتەوە. هەڵگری پەیامی خۆڕاگری و پایەداری ئێوە بەرانبەر بە یاسای پرتووکاوی دەسەڵاتی ئیسلامییە کە ٤٥ ساڵە بە فریوکاری و بە سەرکوت و دیکتاتۆری هەوڵ دەدات خورافە و ماتەمین و گریان بەدژی شەوق و شادی و خۆشیی ئێوە، بەسەر کلتووری کۆمەڵگادا بسەپێنێت. بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە شکۆدارەکانی نەورۆزی ئەمساڵ لە کوردستان لەماوەی سێ هەفتەی ڕابردوو و لەژێر کەشوهەوای بەکجار ئەمنیەتیدا، نیشانەی بێتوانابوونی حکوومەتی ئیسلامییە لە زاڵکردنی فەزای ترس و وەحشەت لە کوردستان. نیشانەی شکستی فەرهەنگ و یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامییە بەرانبەر بە فەرهەنگی پێشڕەو و پێشکەوتووی کۆمەڵگا.

هەر لەم ماوەیەدا، "نا"ی لێبڕاوانەی ئێوە خەڵکی خەباتکاری کوردستان بە کۆماری ئیسلامی و چۆڵ هێشتنەوەی دەوری سندووقەکانی دەنگدان لە نمایشی ئینتخابات، زەربەیەکی کاریگەر و شکستێکی دیکە بۆ ڕێبەران و سەرانی ڕژیمی ئیسلامی بوو. ئێوە خەڵکی تێکۆشەر بۆ جارێکی تر ڕاتانگەیاند کە دەنگی ئێوە تەنیا ڕووخاندنی گشت کۆماری ئیسلامییە. شکستی سەرشۆڕانەی ڕژیم لە گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی ئەم دەورەیە هەر لە پێشترەوە ئاشکرا بوو. تا جێیەک کە زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسی، مەدەنی، سینفی و هونەرییەکان لە ناوەوە تەنانەت زۆرێک لە مۆرە بەرچاوەکانی کۆماری ئیسلامی لەوانە محەممەدی خاتەمیش بۆ پاکانە کردن بۆ خۆی، لە چوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان خۆیان بوارد. وەها ئاکامێکی شەرمەزارکەر لە شانۆی ئینتخابات، بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە حکوومەتی ئیسلامی لای خەڵک هیچ مەشرووعیەتێکی نییە.

کرێکاران، جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان!

لە باروودۆخێکدا لە کۆتایی ساڵ و هاتنی نەورۆز نزیک دەبینەوە کە قەیرانی ئابووری ڕژیم قووڵتر بووەتەوە. لە حاڵێکدا کە هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی بنەماڵەیەک لە ٣٠ ملیۆن تمەن تێپەڕیوە و ئاماری ناوەندە مالییەکانی خودی ڕژیم ڕێژەی تەوەرۆمیان سەرووی ٤٠ لەسەد ڕاگەیاندووە، دەوڵەتی وەرشکستەی ڕەئیسی قاتڵ بردنەسەری ١٨و ٢٠ لەسەدی لانیکەمی حەقدەستی لە نەزەر گرتووە. هەتا ئێستا ڕژیمی دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامی هەرجۆرە مانگرتن و ناڕەزایەتی ڕەوای ئێوەی بۆ بردنەسەری حەقدەستەکان بە گوللە و زیندان و ئەشکەنجە وڵام داوەتەوە. کۆماری ئیسلامی

دەیهەوێ قەیرانی قووڵی ئابووری خۆی بە تاڵانکردنی گیرفان و سفرەی ئێوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش چارەسەر بکات. بەمجۆرە ئەمساڵیش ئێوە کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگا لەسەر سفرەی نەورۆزی توانای دابینکردنی ژەمێکی خواردنی گونجاوتان نابێت. ناتوانن ئیمکاناتی بژێو و خوێندن و تەندرۆستی بۆ جگەرگۆشەکانتان فەراهەم بکەن. لە سەروبەندی نەورۆزدا منداڵانی ئێوە لە هەبوونی جلوبەرگ و کەوشی تازە و ئیمکاناتی یاری و ڕەفاهی بێبەش و بێبەرین. بێگومان ئێوەش لەم بارودۆخە نالەبارە ماڵییەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێوە و ڕۆڵەکانتانیدا سەپاندووە، لە ڕەنج و عەزاب دان.

ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خامنەیی و باقی ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامی و ئاغازادەکان ژیانێکی شاهانەیان هەیە و بە تاڵانکردنی بەرهەمی ڕەنج و کاری ئێوە لە ڕەفاه و ئاسایشدا بەسەر دەبەن. لە وەها فەزایەک لە دزی و



گەندەڵی و ڕانتخۆریدا، ناڕەزایەتی ئێوە بەرامبەر بە وەزعیەتی فەلاکەتباری ژیان لەلایەن ڕژیمەوە بە ئاژاوەگێری و پیلانی دەوڵەتانی دەرەکی وەسف دەکرێ. ناڕەزایەتی مامۆستایان و خانەنشینانی شەریف دژبە وەزعیەتی نالەباری ماڵی خۆیان بە دوژمنی دەرەکی نیسبەت دەدرێ و لەسەر ئەم بنەمایە پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ دروست دەکرێت. ناڕەزایەتی خوێندکاران و پەرستاران، ناو دەنێن تێکدانی ئەوەیکە خۆیان پێی دەڵێن "سوبات و ئەمنیەت" و بەم بیانووەوە هێرشیان دەکەنە سەر. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە ڕێبەران و سەرانی حکوومەتن کە هێزە سەرکوتکەرەکان و سیخوڕانی تەڵەبە و بەسیجییە لات و چەقۆکێشەکان و بەکرێگیراوانیان لە گیانی خەڵک بەرداوە و ئاسایش و ئەمنیەت و چوارچێوەی خسووسییان پێشێل دەکەن. جاسووسی کردن و فیلم گرتنی ئاخوندێک لە دایکێکی تێکۆشەر کە هەفتەی ڕابردوو لە دەرمانگایەکی قوم ڕوویدا، نموونەیەکی ڕوون و بەرچاوی پێکهێنانی نائەمنی و دەخاڵەت کردن لە ژیانی خسووسی ئینسانەکانە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە. هەڵبەت ئەمەش خۆی بوو بە ڕسواییەکی دیکە بۆ حکوومەتی ئیسلامی.

هاوڕێیانی تێکۆشەر و هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی سۆسیالیست!

لەئێستادا کۆماری ئیسلامی لە قەیراناویترین پێگە و لە بنبەستی تەواو دایە. هیچ وڵامێکی بۆ داخوازی کرێکاران و زەحمەتکێشان نییە. ناتوانێ هیچ چەشنە گۆڕان و باشبوونێک لە ئەوزاعی ئابووری و ژیانی خەڵکدا پێکبێنێت. زیادبوونی ٧٥ لەسەدیی ئێعدامەکان لەماوەی ساڵی ڕابردوو و تەنگتر کردنەوەی زیاتری بازنەی مافیای دەسەڵات لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە بەئامانجی یەکدەستکردنی زیاتری دەسەڵات، هۆکارەکەی ترس و نیگەرانی ئەوانە لە سەرهەڵدانی ئاخێزێکی جەماوەری ڕێکخراو و سەرتاسەری. بەڵام گەشەی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی جەماوەری لەم قۆناغەدا پێشەنگێکە بۆ ڕاپەڕینێکی دیکەی جەماوەری کە دەبێتە هۆی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ڕووخاندنی حکوومەتی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی. دەورونەخشی ڕێبەری ئێوە لە هەوڵ بۆ پەرەپێدانی هەرچی زیاتری ئاسۆی سۆسیالیستی لەناو ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش و هەوڵ بۆ ڕێکخستنی کۆمیتەکان و شۆراکانی مەحەلات و پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوری و چینایەتییەکان لەناویاندا، ئیقداماتێکی زەرووریـن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو زەعف و کەموکوڕییانەی کە هەتا ئێستا مانعی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن بوون.

جارێکی تر پیرۆزبایی هاتنی نەورۆز لە هەموو خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەکەین و هیوای سەرکەوتنی کۆتایی لە نەبەرد دژی حکوومەتی دیکتاتۆر و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بۆ ئێوە دەخوازین.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

❊❊❊

## پەیامی پیرۆزبایی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

## بەبۆنەی ساڵی تازەی ٣٠٤١ی هەتاوی

ڕۆژێک بەهاری شۆڕش، بەستەڵەکی کۆماری ئیسلامی دەتوێنێتەوە!

لە کاتێکدا پێشوازی لە نەورۆز و بەهار و ساڵی تازەی هەتاوی دەکەین کە سەرەڕای سەرکوتی فاشیستی و خۆفناکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن ژیان ئازادی لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٤٠١ و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٤٠٢، خۆڕاگری و نافەرمانی و خەباتی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی ئێران بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

هەموو ڕۆژێ هەزاران ژنی بێباک و نارازی دژبە حیجاب و هەڵاواردنی ڕەگەزی، لە سەرتاسەری ئێران، ئەحکامی شەرعی کۆنەپەرستانە دەبەنە ژێر پرسیارەوە و بەشێوازی جۆراوجۆر، پێداگرییان لەسەر ئارمانی "ژن ژیان ئازادی" ڕادەگەیەنن.

بزووتنەوەی کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران، مامۆستایان و... لەدژی بێمافی، پەرەستاندنی هەژاری و نایەکسانی چینایەتی و لەدژی ڕژیمی ئیستبدادی و سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی، لە سەرتاسەری ئێران درێژەی هەیە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات.

زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران بە بایکۆتی گاڵتەجاڕی ئینتخاباتی ئەم دواییەی ڕژیم (کە خودی سەرانی حکوومەتیش باس لە بێوێنە بوونی شکستی ئینتخاباتەکەیان دەکەن) نیشانیان دا کە بۆ ڕزگاری، ڕێگایەک بێجگەلە ڕووخاندنی گشت ئەم دەسەڵاتە دز و تاوانکارە بەزەبری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ناناسن.

دەسەڵاتی ئیسلامی باش دەزانێ کە جەماوەری خەڵک بەتایبەت لاوان خوازیاری ژیانێکی ئازاد و بەدوور لە دیکتاتۆری و چەوسانەوە و دەخاڵەتی مەزهەب و شەریعەتن. هەربۆیە لە سەرتاسەری ئێران، سپا و بەکرێگیراوانی سەرکوتگەری هێناوەتەوە مەیدان تا مەبادا خەڵک لە سەروبەندی ساڵی تازەدا کە بەتایبەت ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ مانگی دڵخوازی




ڕژیم واتە ڕەمەزان، یاسای کۆنەپەرستانەی فێقە و شەریعەتی ئیسلام پێشێل بکەن. بەڵام هەر ئەوجۆرەی لە مەراسیمی چوارشەممە سووریدا لە سەرتاسەری ئێران شایەدی بووین، خەڵک بە دروشمی ئازادی، مەرگ بۆ دیکتاتۆر و بە سەما و هەڵپەڕین نیشانیان دا کە لە بڕیاریان بۆ لەگۆڕنانی دەسەڵاتی ئایینی پاشگەز نابنەوە و نەورۆز و هەر بۆنەیەکی دیکە دەکەنە دەرفەتێک بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتیان.

بەداخەوە بەهۆی هەژاری، گرانی و تەوەرۆمی بەردەوام کە بەبیانووی مانگی ڕەمەزان و جێژنی نەورۆز زیاتریش پەرەی سەندووە، زۆربەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین بکەن. لەم ڕووەوە، زیاتر لە هەموو کاتێکی تر گرنگی پەیوەندی شادی و ڕەزم و خەباتیان دەرک کردووە. ئەم پەیوەندییە ستراتێژیکە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ گەشەی گوتاری سۆسیالیستی فەراهەم کردووە. گوتارێک کە تەنها بەدوای "ڕژیم چەینج"ەوە نییە، بەڵکوو دەیهەوێ ڕەگ و ڕیشەی ئیستبداد و سەرمایەداری دەربێنێ تا لەم ڕێگەوە ئازادی و یەکسانیی ئینسان دەستەبەر بێت.

بەهیوای سەرهەڵدانەوەی ئاخێزی جەماوەری و شۆڕشی کۆمەڵایەتی بە ڕێبەریی چینی کرێکار، هاتنی نەورۆز و بەهار و ساڵی تازە لە خەڵکی سەرتاسەری ئێران و لە هەموو

ئەو خەڵکانەی لە ناوچەکە و لە سەرتاسەری جیهان جێژنی بۆ دەگرن، پیرۆزبایی دەکەین.

ژیانتان بەهار و بەهارتان پیرۆز!

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

۱۷ی مارسی ۲۰۲٤

۲۷ی ڕەشەممە ۱٤۰۲

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

❊❊❊

# شێعر

## "بەهار"

بەهار بەڕێوەیە،
بەڵێ بەهار ئەمساڵیش بەڕێوەیە.
ئەگەر چی مانگی شەڵاڵی خوێن و پرسەیە،
ئەگەر چی شار لە ژێر بارانی ئاگر و ئاسنی تواوەیە،

لە کازیوەی بەیانەوە بە ئاوازی شادی بەخشیان
موژدەی ژیان و ئازادی لە گەڵ خۆ دەهێنن.
بەهار ئایەتی ژیانە کە دوای شەوی یەلدا
بە ڕۆحی بێ گیانی زەویدا ڕۆ دەچێت و



ئەگەر چی پەنجەرەیەکی ئاوەڵا نابیندرێ،
بەڵام زەوی هەناسە دەکێشێ و
جارێکی تر سەوزەڵانی و گوڵ و گیا
بەرەو دارستان هێرش دەبات و ڕادەخوشێ و
لە سەر بەرزترین کۆنە دارێک خونچە دەکات.
جارێکیتر باڵندەکان هێلانە دەکەن و

نوتفەی بوون و هەستیی پێ دەبەخشێ.
بەهار دەرسی سەر لە نوێ بونیات نانەوەیە
ئەگەر زەوی یەخسیر و
زەمان لە دار دراوە،
بەڵام کاتی سەر لە نوێ
بونیات نان و ژیان و تێ کۆشانە.

❊❊❊

**سایتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە**

**سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**cpiran.org**

**سایتی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**komala.co**

**بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:**

**alternative-shorai.tv**

## ئاخۆ بەم تینە ئەتوانم؟

گیانم بە عیشقە وا توانیم
ئەو ساڵە تاڵە بەرمەسەر
دایم گیانم بە عیشق بووە
گیان لە دژواری بەرمە دەر
ئاسان نەبوو، ئاسان نەبوو
(بە وتەی ژیرلەی زەمانی زوو)
"بە رۆژە رۆژە ساڵمان بردە سەر"!
هەر عیشقە تینم پێ ئەدا، ئاخۆ بەم تینە ئەتوانم،
لەم ساڵە نوێیەش،
بە سلامەت،
بکەم گوزەر؟
چاوە/ فاتح

٥ - ١ - ٢٠٢٢

***


پەیوەس: غەزەلی "گیانم بە عیشقە" (٩١٠٢)

## گیانم بە عیشقە

(هرگز نمیرد آن کە دلش زندە شد بە عشق – حافظ)

گیانم بە عیشقە تین و توانم لەوێوە دێ
هێزی هەناو و هازی ژیانم لەوێوە دێ
ئاوێتەیە ژیان بە نەهاتی و بە ژان بەڵام
هاتم لەوێیە مەرهەمی ژانم لەوێوە دێ
"یک حرف بیش نیست غم عشق و این عجب "
سەرپاکی شەوق و شادیەکانم لەوێوە دێ
گوێی بیستنی زوڵاڵی مەلانم لەوێوە دێ
بینینی جوانی باخ و تەلانم لەوێوە دێ
"هرگز نمیرد آنکە دلش زندە شد بە عشق"
جووڵەی دڵ و هەوای سیەکانم لەوێوە دێ
ئەو عیشقە جوانە عیشقە بە ئازادی و ئینسان
بیر و دوانی مێشک و زوانم لەوێوە دێ
عیشقێکە هەر دەمێنێ هەتا دوادەمی هەبوون
چەرخەی ژیان و شارەگی مانم لەوێوە دێ
چاوە
٢٠١٩/٢/٢٢

***




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دووپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دووپاتەی دەوری دووهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دووپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧